# فۆرمەکانی شیوەنکردن

نەبەز گۆران

ڕەنگە پێویست بێت بەر لەوەی لەسەر فۆڕمەکانی نەریتی شیوەن بوەستین، باشترە لە ڕووی ڕەگوڕیشەوە بەرهەمهێنانی نەریتەکە بناسین. هەڵبەتە لە قۆناغی _ئەشکەوتنشین_ قۆناغی _کشتوکاڵ_ بەهۆی نائامادەیی وشە_نوسین_ ـەوە، کەمێك دیوە مێژووییەکەی نەریتەکە لامان ڕوون نییە، گەرچی ئاماژەی وێنەیی هەیە، لەوانەیە ئاماژە وێنەییەکان یارمەتیدەر نەبن بۆ تەواو وردبوونەوە لە نەریتەکە، ئەمما لەو چرکە ساتەوەی زمان و دەنگی وشە دەگوازرێنەوە بۆ نوسین_ نوسینی چیلکەیی_ ئاشنایەتیمان لەگەڵ زۆرێك لە نەریتەکان و پرسەکان بۆ پەیدا دەبێت و لەناویشاندا شیوەنکردن بۆ **ئەویتر** دەبێتە شوێنی نیگاکردنی ئەم وتارە. هێزی زمان و، هێزی وشە لەناو سیاقە مێژووییەکەدا ڕووناککەرەوەی دیوە شاراوەکانی تەواوی ئایدیا و نەریت و پرسەکانە.

لاوژەکان بونیادێکی درووستن بۆ ناسینی ڕەگوڕیشەکان، بێگومان ئەمە مانای ئەوە نییە تەواوی نەریتەکان لە چرکەساتی _نوسین_ەوە بەرهەم دێن، دەکرێت دەرك بەوە بکەین بەشێکی زۆری نەریت و ئایدیاکانی مرۆڤ، کلتوورەکەی، مێژوویێکی دێرینتری هەبێت بەڵام نەنوسراوە، نوسین دەروازەیەکە بۆ بەستنەوەی ئێمە تا لە بنەوانەکە تێبگەین، بۆیە کاری بنەڕەتی ئەوەیە پشت بە لاوژەکان ببەستین و بیانکەینە سەرچاوەی ڕەگی بابەتەکە، ئەو بەشەی مێژوو کە زمانی نییە، بە تاریکی جێدەهێڵێن و لەو مێژووەوە دەستپێدەکەین خاوەن زمانە. لەناو مێژووەکەدا نەریتی شیوەنکردن ئەرکی ئەم وتارەیە و لەڕێگەی بنەوانەکەیەوە دەیخەینە بەر شرۆڤە و بەناو وێستگە جیاوازەکانیدا گوزەرێك دەکەین، تا هەڵسەنگاندنی ڕەهەندەکانی شیوەن و گۆڕینی ماناکانی لە نەریتێکی دینی و کۆمەڵایەتییەوە، بۆ نەریتێکی سیاسی و ئەدەبی و ..هتد ببێتە شوێنی قسەلەسەرکردن.

بانگەشەی شرۆڤەکردن و کنەکردنێکی تەواوی نەریتەکە ناکەین لە هەموو وێستگە مێژووییەکاندا، لێ وتارەکە هەوڵێکە بۆ ئاشنابوون و گۆڕینی سیمایی نەریتەکە لە فۆڕمێکەوە بۆ فۆڕمێکی دیکە، فرەسیمایی نەریتەکە لە چەندین شوێنی جیاوازدا دەرکی پێدەکرێت و بە شێوازی چەمك، شیوەنکردن بۆ ئەویتر دەبێتە پرسێك ڕەهەندی دیکەی لێدەبێتەوە. بۆ ئەوەی بونیادەکەی دەرخەین دەبێت لەناو شارستانییەتی میزۆپۆتامیادا بۆی بگەڕێین، ئەو شارستانییەتەی ڕووبەری بەرهەمهێنانی کلتوورەکان و ئایدیاکان و دینەکان و لاوژە و ئەفسانە و زمانە، ئەو شارستانییەتەی بەبێ گەڕانەوە بۆی، بنەوانی کلتوورەکانمان لێوە دیار نییە. شارستانییەتی میزۆپۆتۆمیا تەنها شوێنێك نییە بۆ ناسینی مێژوو لە سیاقێکی دیاریکراودا، بەڵکو مێژوویێکە سەرچاوەی یەکەمی کلتوور، ئایین، ئایدیاکانە...هتد. بانگەشەکردن بۆ میزۆپۆتامیا بۆخۆی بانگەشەکردنە بۆ ناسینی جیهانەکەی مرۆڤ، چ بە ژیانە واقیعییەکەی، چ بە وەهمەکانی، چ بە هێز و وزەکەی. لێرەوە لەناو ئەم شارستانییەتەوە مرۆڤ دەست بە گەشەکردن دەکات، هەر لێرەشەوە بونیادی شتەکان دادەڕێژێت، (گەر جەسارەت بکەین بڵێین: کاتێك ئاشنادەبیت بەو شارستانییەتە، دەگەیتە ئەو بڕوایەی مرۆڤی ئەم سەردەمە زۆر پێشنەکەوتووە! بەتایبەت لە دیوی ئایدیا و نەریتەکانەوە.) بەهەرحاڵ... دەچینە سەر کرۆکی نەریتەکە لەناو لاوژەکانەوە.

"ئەی پیرەکان گوێم لێ بگرن... لەبەر ئەنکیدۆی هاوڕێ و هاودەمم، دەگریم، ئەی هاوڕێم.. ئەو خەوە قورسە چییە؟ لە تاریکی شەودا نوقم بوویت و گوێبیستی من نابی؟" (1) زەنگی مردنی هاوڕێکەی لە لاوژەی _گەلگامێش_دا لەم پەردەیەدا دەبینین. کاتێك پاڵەوانی دەقەکە هاوڕێکەی دەچێتە ناو جیهانی مردن_ بێدەنگی_ شۆکێك دەیگرێت. شۆکێك ئیدی ئەم مردنە دەبێتە خولیایەك و نیگەرانییەك بۆی، ناچارە بیر لە گەڕان بکاتەوە بۆ مانەوە. لەم دەقەدا بوون و مانەوە، یەکێکە لە پرسە گرنگەکانی مرۆڤ، کە لەسەر دەمی دێریندا دەبێتە چەقێك بۆ بیرکردنەوە لە ژیان و مردن. مرۆڤ لە ڕێگەی دەقەکەوە بوون و گرنگی دان بە بوونی لەم سەرزەمینە دەبێتە جێگای سەرنجی، دێرینەکان هەوڵێکی زۆر دەدەن تا بکەونە ململانێوە لەگەڵ مردندا و شەڕێك بەرپابکەن لە ژیاندا بمێننەوە، زۆرێك لە بۆچوونەکان سەرنج لەسەر گەڕان دەدەن بە دوای نەمریدا، بەڵام دیوی پشتەوەی گەڕانەکە تێگەیشتنە لە قوڵایی بوون و نەبوون. تەنها گەڕانێك نییە بۆ نەمری و مانەوە، بەڵکو گەڕانێکیشە بۆ ئەو بوونەی لە چرکەساتێکدا کەسی هەبوو لێی دادە بڕێت و بەرەو نەبوونێك دەڕوات کە هیچ لەو نەبوونە تێناگات و چارەنووسیشیەتی. کاتێك لاوژەکە مەرگی تێدەکەوێت، نەریتی پرسەش دێتەئاراوە، واتە _شیوەنکردن بۆ ئەویتر_.

لە دەقەکەدا ئەویتر هاوڕێیە، دۆستە، نزیکە، یانی ئەویترێکی نزیکە، ئەویترێك نییە لە دورەوە بێت، بە هۆی ڕۆیشتنییەوە لەم جیهانەدا خەمگینییەك بۆ نزیکەکەی دروستدەکات، لەوەش تێدەگەین هەمیشە شیوەنکردن بۆ ئەویتری دەرەوەی خۆتە، نەك بۆ خۆت. واتە شیوەن بۆ خۆت ناکەیت لەدەستچوویت، بەڵکو شیوەن بۆ ئەویترێك دەکەیت هەستبکەیت بەشێکە لە خۆت، کە کەسێکی نزیکە لێت جیابوەتەوە. کاتێك _گەلگامێش_ پیرەکان و دونیا دیدەکان ئاگاداردەکاتەوە، ئاگادارکردنەوەیانە بۆ لە دەستدانی کەسێك، دەیەوێت پرسەکەی تەنها لەنێوان خۆی و تەرمەکەدا نەبێت، بیکاتە شیوەنێکی گشتی و هەمووان لەم شیوەنەدا بۆ ئەویتر هاودەمی بن. دەشتوانین بەو جۆرە هەڵی سەنگێنین گریان و شیوەنکردن بەشێکن لە مێژوویەکی دێرینی ئازارەکانی مرۆڤ. لە درووستبوونی دەوڵەت شاری _سۆمەرییەوە، ئازارەکانی مرۆڤ بە چەندین شێوە خۆیان نماکردووە، لە سەروەختی گەیشتنی مەرگ بۆ ئەویتری دەوری خۆت، شیوەن تەنها وەك جووڵە و کردەیەك و دەربڕینێك وێنای ناکەین پەیوەندی بە ئارام کردنەوەی دۆخە دەروونییەکەی کەسی کۆس کەوتووبێت، ڕەهەندێکی دیکەی نەریتەکە دەرخستنی دڵسۆزی و ترسێکە لە خودی مەرگی مرۆڤ خۆشی، ترسێك مەرگی ئەویتر ڕایدەچڵە کێنێت ئەمیش هەمان چارەنووسی هەیە، ڕۆژگارێك دێت ئەمی شیوەنکەر بەم داڵانی مەرگەدا تێپەڕێت و پێویستی بەوەیە پاش خۆی نەریتێکی شیوەن بونیادبنێت، تا لەڕێگەی نەریتەکەوە یاد بکرێتەوە کە ڕۆژگارێك پێش مەرگ ئامادەیی هەبووە لە ژیاندا. ئەم ترسە لە مەرگی خۆی و نزیکەکانی ڕێوڕەسمێکی خولقاندوە، بەو ڕێوڕەسمە ئامادەبووانی ناو ژیان کەمێك سوکنایان پێ دێت، هەرچەندە دەزانن ئەوانیش دەڕۆن و هەوڵەکانیان بۆ مانەوە بێسودە، کەچی لە نائومێد بوون لە مانەوەدا پێویستیان بە دەروازەی دیکە هەیە، دەروازەیەك ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە ناخیانەوە، گرێدراوە بە دۆخە سایکۆلۆژیەکەیەوە و بەم ڕێو ڕەسم و نەریتە بۆ چەند ساتێك، یان ڕۆژگارێك ترسەکە و دۆخە سایکۆلۆژییەکە ئارام و کپ دەکاتەوە. نەریتی شیوەنەکە ڕێوڕەسمێکە بۆ حورمەتگرتنی مانەوە و حورمەتگرتنی ڕۆیشتوو، تا ڕادەیەك سرووتێکی پیرۆزە، پیرۆزییەکەی سەر بە جیهانی ژیان و مردنە و لەو نێوانەدا مرۆڤ ئەم

سرووتە ڕێکدەخات تا مانایەك بە مردن و بە مانەوەش بدات. کەسی شێوەنکەر، هیچکات دڵنیا نییە لەوەی بەو شیوەنەی لەدەستچووەکە دەگەڕێتەوە یان ئاسودە دەبێت، بەڵام دڵنیاییە بەم نەریتە ئاسودەیی بۆ بەشێك لە تاریکاییەکانی ناو ناخی خۆی دەهێنێت. یانی دەکرێت بڵێین: چەندە شیوەنە بۆ ئەویتر، هێندەش شیوەنە بۆ خود، وەلێ تەنها ئەویترە بە ڕۆیشتنی دەتوانێت نەریتەکە و پرسەکە و شیوەنەکە درووستبکات، بەبێ ڕۆیشتنی ئەویتر هیچ نەریتێکی شیوەن نایەتەئاراوە. لە مێژووی دێریندا مرۆڤەکان سرووتی زۆریان بۆ پرسە جیاکان درووستکردووە، لەڕێگەی ئەم سرووتانەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی خۆشەویستی بۆ ژیان و خۆبەستنەوە بە ژیانەوە هێندە پتەو و توندە، ساتی لێکترازانی تەنها سرووتەکان دەتوانن مانا بەم ژیانە بدەن. واتە: ڕێوڕەسمی سرووتەکان بۆ نمونە: شیوەنکردن بۆ ئەویتر، دەرخەری ئەو ئازارە گەورەیە مرۆڤ ناتوانێت بەئاسانی قبوڵی بکات لەم ژیانە و بوونە بکرێتەدەرەوە.

لەم چەند ڕستەی سەرەوەی لاوژەکەدا خستمانەڕوو پەردەی نەریتەکە ڕووندەکرێتەوە. __گەلگامێش__ هاوڕێکەی لەدەست دەدات، دەیەوێت شکۆمەندانە سەیری مردنەکەی بکات، دەیەوێت پرسەی بۆ بگێڕێت، شیوەنی بۆ بکات، شیوەنێکی دەستەجەمعی، شیوەنێکی تاکەکەسی نا، بەهۆی ئاگادارکردنەوەی ئەوانیترەوە زەنگی مردن و زەنگی نەریتێك لێدەدرێت و خۆشی هەڵوەدای گەڕانێك دەبێت تا چارەنووسی وەك هاوڕێکەی نەبێت. کاتێك لاوژەکە دەڵێت:" ئەو قوڵایی بینی." بە دوو مانا دێتە بەردەمان، مانایەکی مەرگی هاوڕێکەی بردی بۆ قوڵایی ژیان و گەڕانێکی بێسود لەپێناو مانەوە، مانایەکی دیکەشی مەرگی بینی لەناو قوڵاییەکاندا و ئیدی لەو چارەنووسە تێگەیشت لە ژیاندا ڕووبەڕووی مرۆڤ دەبێتەوە. بێگومان قوڵاییەکە بوونەکەیە. ئەو بوونەی تەنها بە وردبوونەوە لە مەرگ دەتوانیت لە ماهیەتی بوونەکە تێبگەیت. (هەمان ئەو نەریتەی شیوەنکردنە بۆ ئەویتر، دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ تەواوی گەلانی ڕۆژهەڵات و پاش سۆمەرییەکان بۆ کەسی لەدەستچوو لەناو گەلاندا دووبارەدەکرێتەوە، شیوەنکردن ڕێوڕەسم و پرسێکی نوێ نییە، پرسێکی دێرینە و لە دەوڵەتشارەکانەوە وەك دەق نووسراوەتەوە.)

"لەسەر تەختی سەروەریم دانای، لەسەر کورسی حەسانەوەی لای چەپمدام نیشاندی، بۆ ئەوەی گەورەکانی سەر ئەرز قاچت ماچ بکەن، خەڵکی ئورك ئەهێنمە گریان، بۆت بلاوێننەوە. منیش خۆم دوای ئەوەی تۆ لە خاکدا دەنێژن، قژم بەر ئەدەمەوە، کەوڵی شێر دەپۆشم...هتد. جلە جوانەکانی دڕی، قژی ئەڕنییەوە خۆی ئەدایە سەر زەوی..."(2) شێوازی شیوەنەکە لەم چەند ڕستەیەدا وێنەکە ڕوونتردەکاتەوە بۆمان. لامان غەریب نییە کاتێك لە پرسەیەکی ئەم سەردەمەدا ئەم دیمەنانە ببینین، لە سێ هەزار ساڵ پێش زایینەوە مرۆڤ لەناو نەریتی شیوەنکردندا بۆ ئەویتر بەم جۆرە دەردەکەوێت. هاوڕێیەك لەدەستدەدات، خەمەکەی خۆی دەکاتە خەمی شارێك، لە شیوەنێکی سنووردارەوە دەیگوازێتەوە بۆ شیوەنێکی گشتی، لە پەردەکانی دیکەی لاوژەکەدا ئاماژە بەوە دەکات بە چ ڕێوڕەسمێك شیوەنەکە بەڕێوەبچێت. مەرگی ئەویتر خەمە بۆ ئەم، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێتە خەمێك بۆ هەمووان. لەوانەیە ئەم خەمە گشتییە بۆ هەموو مردنێك درووستنەبێت، بەڵام کاتێك

فیگەرێکی دیار، پاڵەوانێك مەرگ لەگەڵ خۆی دەیبات، خەمی لە دەستدانەکەی دابەشدەبێت بەسەر زۆرێك لە خەڵکدا. ڕێورەِسمی مردنەکەشی جیاواز دەبێت لە ڕێوڕەسمی مەرگی کەسێکی ئاسایی، یان کەسێکی پەراوێزخراو. _ئەنکیدۆ_ بۆیە مەرگەکەی شۆکێك و پرسەیەکی گەورە درووستدەکات، چونکە خۆی پاڵەوانە و هاوڕێی پاشا و پاڵەوانێکی دیکەشە. لە مردنەکەیدا تەنها شارێك شیوەنی بۆ ناکات، بەشێك لە خوداوەندەکانیش بۆی نیگەرانن. شوێنەکان، ڕووبارەکان، مرۆڤەکان، دیوارەکان، کاهینەکان، تەنانەت زادگەی لەدایك بوونی پاڵەوانەکەش ئاگاداردەکرێنەوە ئەویتر مرد، مادام ئەویتر مردووە دەبێت پێکەوە بگرین، خۆیان برنن، خەم بخۆن، خۆیان بگەوزێنن بۆ لە دەستدانێك. خۆبەستنەوە بە مەرگی ئەویترەوە، ئاگادارکردنەوەیە بۆ خۆشویستنی ژیان، بۆ ترس لە دونیایەکی دیکە بۆ شکۆمەند ڕاگرتنی ئەویتری ڕۆیشتوو و دەربڕینی خۆشەویستی بۆی. لە هەمان کاتیشدا شیوەنە بۆ دونیایەکی نادیار و چارەنووسی ئەم مرۆڤەی مەحکومە بە تێپەڕبوون بەناو ئەو دونیا نادیارەدا.( دەمەوێت لێرەدا ڕوونکردنەوەیەك لەسەر _ئەنکیدۆ_ی هاوڕێی گەلگامێش بدەم. وشەکە بە زمانی سۆمەری یانی مرۆڤی ڕەسەن، یان با بڵێین: مرۆڤی سەرەتا، چونکە بە باوەڕی سۆمەرییە دێرینەکان، سەرەتا مرۆڤ لەناو دارستان و شاخەکانی ڕۆژهەلاّتی میزۆپۆتامیا هاتەدونیاوە، کە دەکاتە ئێستای نەخشەی کوردستان، لە هەمان ئەم لاوژەیەدا باسی پەیدابوونی مرۆڤ و تۆفانەکە دەکات، پاشان هەمان لاوژە دەگوازرێتەوە بۆناو دینە یەکتا پەرستییەکان، بەلاّم بە گۆڕینی ناوەکان و کارەکتەرەکان، لە کتێبی پەیدابوونی تەوراتدا، چیرۆکەکە دووبارە دەبێتەوە و پاشان لە کتێبی ئایینەکانی پاش تەورات، هەمان چیرۆك بە شێوازە تەوراتییەکە سێ بارە دەبێتەوە، لێ بناغەی چیرۆکی پەیدابوونی مرۆڤ و تۆفانەکە و.. هتد لە لاوژەی سۆمەریدا هەیە و بەتایبەت لە گەلگامێشدا نووسراوەتەوە. ئەنکیدۆ_ خەڵکی ئەو سەرزەمینەیە مرۆڤی ڕەسەنی تێدایە و ژیان لەوێ دەستی پێکردووە، کاتی مردنەکەشی نیشتیمانەکەی خۆی ئاگادار دەکرێتەوە شیوەن بکات بۆی.)

" با بۆت بگرین لە خانەی زەماوەند گێراندا، با پیاوانی گەنج با پرچیان بەر بدەنەوە، هەر وەك ژنە گەنجەکان. ئەنکیدۆ هەر وەك باوك و دایکت با منیش بە خەمبارییەوە بۆت بگریم... هتد."(3) پێدەچێت شوێنی زەماوەندکردن لە وەختی دەوڵەت شاری سۆمەریدا جیاواز بووبێت، هەرچۆن لە ئێستادا شوێنی زەماوەندکردن و شوێنی پرسە جیاوازن، بەلاّم لە لاوژەکەدا بۆی دیاری نەکردووین پرسە و شیوەن دەبێت لەناو پەرستگەکان بێت، تەواوی شوێنەکان دەبنە شوێنی شیوەنکردنەکە، تەنانەت شوێنی زەماوەند و خۆشییەکانیش بەرگی خۆیان دەگۆڕن و دێنە ناو نەریتی شیوەنەکەوە. ئەگەر لە ئێستادا پەرستگەکان شوێنێك بن بۆ نەریتی پرسە، لەبەرامبەریشیدا هۆڵەکان شوێنێکن بۆ زەماوەند و خۆشییەکان. لە لاوژەکەدا ئاماژەیەك ڕوون هەیە، پێشتر شوێنی خۆشی دەربڕین وەك ئێستا جیاکراوەتەوە، ئەمما کۆستێك هاتووەتەئاراوە تەنانەت ئەو شوێنەش دەست لە ئەرکەکەی خۆی هەڵدەگرێت و دێتە ناو شیوەنە دەستە جەمعییەکەوە. چۆن پاڵەوانەکە بووەهۆی گەشەکردن و فراوانکردنی دەسەلاّتی پاشاکە، بەهەمان شێوە مردنەکەشی دەبێتە کۆکردنەوەی تەواوی شوێن و چینە جیاوازەکان و ڕێوڕەسمێکی شکۆمەندانەی بۆ دەستەبەردەکرێت.

لە سیاقە مێژووییەکەدا لەو بناغە تێدەگەین شیوەنکردن وەك نەریتێکی دێرینی میزۆپۆتامیا بەرهەمهێنەرەکانی سۆمەرییەکان بوون. گەر بە نیگای ئێستاشەوە تەماشای بکەین، شیوەنەکە فۆرمێکی ئایدۆلۆژی هەیە، فۆرمێکە گوتاری باڵادەست چینەکان ناچاردەکات لەگەڵی خەمگین بن، لەگەڵی بگرین، لەگەڵی بتلێنەوە و فەرمان دەردەکات بەسەر هەمووان‌دا دەبێت وابن. ناچارکردنی کوڕە گەنجەکان تا وەك ژنەکان پرچ بهێڵنەوە یەکێکە لەو فەرمانانەی فۆرمی دەرەوەی مرۆڤەکانیش دەگۆڕێت. بێگومان لای سۆمەرییەکان پرچی درێژ زیاتر بۆ ژن بەکارهاتووە، کاتێك پیاوەکان پرچ دەهێڵنەوە نەریتی شیوەن ئامادەبێت، کردەی پرچ هێشتنەوەکە ئاماژەیە بۆ جێبەجێکردنی نەریتێك. تا ئێستاش لەناو کۆمەڵگەی ئێمە شێوەی ڕیش هێشتنەوە، پۆشینی بەرگی ڕەش دوای کۆستێك نەریتێکە و لە زۆر شوێن ماوە، لە ڕاستیدا ئەو نەریتە هی سۆمەرییەکانە و بەهۆی نزیکایەتی و کاریگەیی کلتوورییەوە هێزی خۆی لەدەستنەداوە و بەردەوامی هەیە لەناوماندا ماوەتەوە.(خاڵێکی دیکە تا لەم دواییانە لەناو ئێمەدا نەریت بوو، کوڕان نەدەبوو پرچی درێژ بهێڵنەوە، چونکە پرچی درێژ هی کچانە، ئەم نەریتە سۆمەرییە و بەجۆرێك لەتانە تەماشا کراوە، تەنها کاتێك ئاسایی بووە پرسەیەك شیوەنێك لە ئارادا بووبێت.) هەرچەندە دینەکانی دیکە کەمێك گۆڕانیان بەسەر نەریتەکەدا هێناوە، لێ بنەوانە ئەسڵییەکەی خۆی لەدەستنەداوە.

تا ئێرە شیوەنکردنی بۆ ئەویتر تێگەیشتنە لە ڕووداوێك بۆ لەدەستدانی کەسێکی نزیك، خۆشەویست.واتە شیوەن کردنەکە هەوڵێك نییە بۆ خۆ پەرێشانکردن بۆ ئەویترێکی زۆر دوور و نەناسراو. مرۆڤە دێرینەکان کەسە دوور و نەناسراوەکان بە غەریبە، یان نەیار دەبینن، هیچ کات ئامادە نەبوون لە پێناو ئەویتری دووری نەناسراو نەك شیوەن بکەن، بەڵکو هیچ پەرێشانییەکیان هەبێت بۆ مردنی و زۆر جاریش مردنی ئەویتری دوور و نەناسراو جۆرێك لە خۆشحاڵی و کەیفی پێ بەخشیون. لەناو لاوژەکانیاندا هیچ کات بەر دیمەنێك ناکەوین بۆ دوور نەریتی شیوەنکردن ئەنجام درابێت. ئێمە لە ئێستادا دەتوانین هەموو کەسێکی دەرەوەی __خود__ بە ئەویتر تەماشا بکەین، مەرج نییە ئەم تاماشاکردنە، کردنەدەرەوەی هەموو ئەویترێك بێت لە خۆمان، ئەم بینینەی ئێستا بۆ ئەویتری دەرەوەی خۆت، جیاوازە لە بینینە دێرینەکە، ئەویتری نزیك و هاوڕێ و دۆست و ئازیز لە دێریندا بەشێك بووە لە ئەویتری شیوەنکەر، ڕێوڕەسمی شیوەنەکەش بۆ ئەو بەشە لەدەستچووەیە نەك بۆ کەسی دووری نەناسراو، ڕێك پێچەوانەی بینینی ئێستاوە زۆرجار شیوەنکردنەکە بۆ کەسانێك و هێزێك و ئایدیا و پرۆژەیەکن نەناسراون و کەچی کەسی شیوەنکەر دەبێتە کارەکتەرێك لە ڕێوڕەسمە نەریتییەکە. لە هەمان حاڵدا ئەویتر ڕوودەدات بەشێکی گرنگ بێت لەناو چوارچێوەی ژیانەکەمان، ئاگاداری ئەوەش دەبین __ئەویتری نزیك__ لە ئەویتری نەناس جیا بکەینەوە.

پاش ناسینی ڕەگوڕیشەی نەریتەکە، دەچینە لای شاد بوون و شیوەن کردن لە میزۆپۆتامیا بۆ ئەویتری نەناس و دوور. بزانین کاتێك مەرگی ئەویتری دوور و نەیار دەبینن چۆن وێنای دەکەن؟ چ تێگەیشتنێکیان بۆی هەیە؟ بۆچی شیوەنکردن بۆ نزیکەکانی خۆیان دەبێتە بنەمایەك شکۆمەندی لێوە دەبینن و لە بەرامبەر نەناسێکیشدا خۆشبەختی و باڵا دەستی خۆیان

دەبینن. بێگومان لاوژەی ــئاشورییەکانــ بە تایبەت لە سەروەختی شەڕەکاندا پڕە لەم جۆرە لە شیوەن بۆ خۆیان و خۆشی بۆ مەرگی ئەویتر و نیشاندانی سەرکەوتن. لەوانەیە خوێنەر لێمان بپرسێت: شەڕەکان و یەکتر کوشتنەکان جیاوازن لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانی کاتی ئاسایی، لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا هاوکار دەبین بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە لەسەر خودی نەریتەکە، نەك جیاکاری لە کاتە جیاوازەکاندا. ئەوەی شوێنی ڕوانینی وتارەکەیە نەریتەکەیە نەك شەڕەکان و ساتە ئاسایی و کۆمەڵاتی و دینییەکان. "میتۆلۆژیا پەیوەندییەکی زۆری بە قۆناغە جیاوازییەکانی ژیانەوە هەیە، نەریتی پێشڕەوایەتی تێدایە"(4) لەسەر ئەم بنەمایە لەناو لاوژەکاندا بۆ تەواوی پەیوەندییە زۆرەکان دەگەڕێین تا کەمێك بۆمان کەشف بێت نەریتەکان چۆن دەکشێن بەسەر تەواوی ڕووبەری ژیاندا و چۆن زەمەنەکان تێدەپەڕێن و خۆیان دەخزێنە ناو کلتوورەکان و نەوە دوای نەوە لەناو هزردا بە کەمێك گۆڕانەوە دەمێننەوە. مادام نەریتەکە داڕێژراوە، ئیدی شوێنە جیاوازەکان و ساتە جیاوازەکان هیچ لە ماهیەتەکەی ناگۆڕن.

"ئاگرێکمان کردەوە، هەموویانمان خستە ناویان و سوتاندنمان و لە دەوریاندا خۆشی و شادیمان نواند."(5) بە ڕستەکەدا دیارە دیمەنەکە ترسێنەرە، لە سەروەختی شەڕدا ئەنجامدراوە، بە پێی میتۆلۆژیای ئاشووری ئەم شەڕە لە ناوچەی ــ زامواــ شەڕی نێوان ئاشووری و کوردە لولوبییەکان روویداوە. ئاگرەکەش لە ناوچەی ــباراــ دروستکراوە بۆ مەرگی ئەویتری دوژمن. (لێرەدا چەند تێبینییەك دەخەمە ڕوو. زاموا ناوێکی ئاشوورییە بۆ ناوچەی سلێمانی ئێستا. وشەکە واتە: شوێنێك کە دەشتاییە و بە شاخ دەورە دراوە، پێشوتر لە سەردەمی دەسەڵاتی ئاشوورییەکاندا بە هەموو ناوچەی ئێستای سلێمانی تا مەهابات و سەقز وتراوە زاموا، بارا، ئێستا ناوەکەی گۆڕاوە بووە بە ئاوبارە، گەڕەکێکی بچوکی سلێمانییە، سەردەمی ئاشوورییەکان ئەوە قەڵابووە، قەڵای لۆردێکی کوردی لولوبی تێیدا نشیتە جێ بووە، بەهۆی شەڕەکەی ــبازیانــ ئاشوورییەکان زیانێکی زۆریان پێ دەگەیەنرێت،ــبازیانــ بە ئاشووری یانی دەرەبەند، کاتی سەرکەوتن، لەناوچەی بارا ئاگرێکی گەورە دەکەنەوە سەرجەم ژن و منداڵ و دیلەکان دەسوتێنن و بەدەوریاندا خۆشی دەردەبڕن. بەپێی میتۆلۆژیاکە هۆی کوشتی ژن و منداڵەکانیش پەیوەندی بەوەوە هەبووە، ژنەکان و جەنگاوەرەکان پێکەوە شەڕیان لەگەڵ کردون و بۆیان جیانەکراوەتەوە کێ جەنگاوەرە و کێ کەسێکی ئاساییە، بۆیە لە سەرکەوتنەکەیاندا هەمووان دەسوتێنن. وشەی لولوبی/ کۆمەڵێك مانای هەیە، لای ئاشورییەکان یانی غەریبە و بەربەری، پێشتر مانای کەسە پەلکەدارەکان بوون، واتە ئەو کەسانەی قژیان دەکردە پەلکە و گرێگرێ. پایتەختی لولوبییەکان شاری زور بووە، کە ئێستا پێی دەڵێن: شارەزوور..)

نەریتەکە دەگۆڕێت، بەپێی ڕستەی ناو لاوژە ئاشوورییەکە ئەویتری دوور، نەفرەتە. ئیدی منداڵ بێت یان کەسێکی ئاسایی دەبێت چاڵی مەرگی بۆ درووست بکرێت، لەبری شیوەنکردن بۆی نەریتی خۆشی دەربڕین بە دیار مەرگییەوە بەرهەم بهێنرێت. لەم لاوژەیەوە ئەو دیدگایە درووستدەبێت هەموو ئەویترێکی دوژمن و نەناسراو، یان کەسی مەترسیدار بۆ سیستەم و دەسەڵات بە مەرگی، خۆشی بۆ بەرامبەرەکەی دەهێنێت. کۆبوونەوە لە دەوری سوتاندنەکە و خۆشی دەربرینەکە تەنها

وێنەی دیمەنێکی ترسناك و سوتانی کۆمەڵێك مرۆڤی کوردی لولوبیمان پیشان نادات لە شەڕێکدا شکستیان هێناوە، بەڵکو سیمای نەریتێکی دیکەمان بۆ دەخاتە ڕوو. هەرچۆن لە بنەوانەوە شیوەن کردن بۆ ئەویتری دۆست و ناسراو خەمباری و پرسە و جۆرێك لە ئازاردانی _خود_ درووستدەکات، لە هەمان کاتدا نەریتی مەرگی دوژمن پێچەوانەکەی درووستدەکات. فۆڕمی نوێ و جیاوازیی نەریتەکە ئازاردانی ئەویتری و خۆشی هێنانە بۆ ئازاردەر. مەرگی ئەویتری دوور و نەیار دڵخۆشبوونە بۆ سەرکەوتوو. لەپاش درووستکردنی دەوڵەتشارەوە لە میزۆپۆتامیا، شەڕە گەورەکان درووستدەبن، شەڕ لەگەڵ تیرە و هۆزەکانی دەرەوەی دەوڵەتشار. هەمیشە ئەهلی شارەکان خۆیان جیاواز بینیوە لە ئەهلی دەرەوەی شار. لە لاوژەی _گەلگامێش_ دا، _ئەنکیدۆ_ خەڵکی دارستانەکانی ڕۆژهەڵاتی میزۆپۆتامیایە، زەبەلاح و ترسێنەرە، یاخی و ڕام نەکراوە، شار پێویستی پێیەتی هێزەکەی بەکاربهێنێت بۆ کۆنترۆڵکردنی دارستانەکان، لە ڕێگەی خاتوونێکی زەریفەوە فریودەدرێت و دەهێنرێت بۆ شار. شێوەی دەگۆڕن و فێری جلوبەرگ و نانخواردنی دەکەن. فێری هەڵسوکەوت و ژیانی شارنشینی دەکەن و دەیکەنە کەسێکی شاری. کاتێك قبوڵ دەکرێت خۆی بکات بە شاری، یاخیبوون و سیما ترسناکەکەی بگۆڕێت بۆ پاڵەوانێك مەردومی شار و نەریتی شار قبوڵیان بێت. هەموو شەڕێکیشی لەگەڵ دەرەوەی خۆی بە مەرگی دێوەکانی دارستان دەستپێدەکات و بە مەرگی ئەوانیش شانازی بۆخۆی و شار و سیستەمی دەسەڵاتەکە درووستدەکات. هەر لەوێوە _چەمکی دوژمن_ مەرگ بۆ دوژمن، خۆشی دەربڕین بۆ مردن و تێکشکانی دوژمن_ لەناوبردنی دوژمن و دڵخۆشی بۆ سەرکەوتوو، ترس لە مانەوەی نەیار و دوژمن، دەبێتە نەریت. نەریتێك چۆن لە شیوەنکردن  بۆ ئەویتری نزیك مرۆڤەکان و شارەکان و خوداوەندەکان پەرێشان دەبن، لە هەمان کاتدا مەرگی ئەویتری دوژمن و کەسی دوور، مرۆڤەکان و خوداوەندەکان دڵخۆشدەکات. پاش ڕستەی خۆشییەکەی ئاشوورییەکان بۆ مەرگی دەستەجەمعی، بەر ڕستەی خەمگین دەکەوین بۆ مەرگی پاڵەوانەکانی خۆیان. لەم دوو وێنەیەدا هەردوو شێوە نەریتەکە دێنەوە بەردەمان و بەرچاومان ڕوون دەبێت بۆچی لە ئێستادا مەرگی دوژمن، مەرگی نەیار، مەرگی کەسی دووری نەناسراو نە خەمگینمان دەکات نە شیوەنمان بۆ درووست دەبێت بۆی، بە پێچەوانەوە زۆرجار دڵخۆشمان دەکات و ئاسودە دەبین بە مردنی دوژمن. هاتنی ئەم ئایدیایانە بۆ ناو ژیان و خەیاڵ و کلتوورەکان، هاتنێکی تازە نییە، هاتنێکە تەمەنی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ بەر لە ئێستا. ئێمە گەر بە وردی بەناو لاوژەکاندا کنەی خۆمان نەکەین، بێگومان لەو هەموو نەریت و ڕێسا زەینییانە تێناگەین ئەمڕۆ گەمارۆی ژیانی داوین وفەزا ڕەمزییەمەی خولّقاندووین. لەم دوو لاوژەیەدا کە مێژووەکەیان جیاوازە، لەگەڵ دوو شێوە نەریتەکەدا ئاشنایەتییەك پەیدادەبێت، یەکیان شیوەنکردنە بۆ نزیك، یەکیان خۆشی دەربڕینە بۆ مەرگی دوور و نەیار و دوژمن. یەکیان لە ئاستە کۆمەڵایەتییەکەدا شوێنی لە خۆی گرتوە، ئەویتریان لە ئاستە گشتییەکەدا خۆشی بە مەرگی دوژمن ئامادەیی هەیە. بە هەمان نەریتی دێرین لە ئێستادا شیوەنکردن لە ئاستی کۆمەلایەتی و سنوورێکی دیاریکراودا بەردەوامە، خۆشی دەربڕین بۆ سەرکەوتن و مەرگی ئەویتر و نەیار لە ئاستە گشتییەکەدا بەردەوامە. بەڵام هێشتا ڕەهەندی دیکەی شیوەنکردن ماون تا لێیان وردبینەوە و لە قۆناغی تازەدا فۆڕمەکەیان بناسین. (پێویستە تێبینییەکی دیکە لەسەر _ئەنکیدۆ_ بخەمەڕوو. بەپێی تێزێکی _ئۆجەلان_ گەربمانەوێت لەبارەی

خیانەت و پشتکردنی مرۆڤی کورد لە گەلەکەی بکۆڵینەوە، پێویستە لە ئەنکیدۆوە دەست پێبکەین، چونکە ئەو بنەوانی پشتکردنە لەگەلەکەی خۆی و دەستی لە دارستانەکان هەڵگرت و بەرگ و ژیانی خۆی گۆڕی و چوویە ناو شارەکانەوە، لەگەڵ دەسەڵاتدارەکان دەستی تێکەڵکرد و بووە چاوساغیان تا بیانهێنێت بۆ کوشتنی خەڵکی ناو دارستانەکان، تەنانەت لاوژەکان خەڵکی ناو دارستانەکانی ڕۆژهەلاتی میزۆپۆتامیا کە کوردە هۆرییەکان و کوردە گوتییەکان و لولوبییەکان و میتانییەکان بوون، بە دێو دەچێوێنن. ئەوەی فریوی ئەنکیدۆی دا خاتوونێك بوو، واتە مرۆڤی کورد لە دێر زەمانەوە غەریزەی فریوی دەدات، گەر غەریزەی کۆنترۆڵ بکەیت بوونە راستەقین و ڕەسەنەکەی بۆ دەگەڕێتەوە. لەسەربنەمای هەمان ئەم تێزە، لەناو پڕۆژە فیکرییەکەی __ئۆجەلاندا__ غەریزەکانی مرۆڤ دەبێت کۆنترۆڵ بکرێن و زیهنی مرۆڤی کورد خەونی گەورەتری تێدا کەڵەکە بکرێن. چونکە غەریزەکان بچوکن و مرۆڤی غەریزەیی خەونی گەورەی تێدا کەڵەکە نابن، ئەمما کە غەریزەکەی کاڵکرایەوە ئیدی زیهنیشی بە ئاسانی تەعریبناکرێت و دەبێتە ئەو مرۆڤە خەون گەورەیەی لە پێناو ئامانجە مەزن و هەمیشەییەکانی خۆی و گەلەکەیدا تێدەکۆشێت. چۆن شارنشینەکانی سۆمەری خاڵە لاوازەکەی ئەنکیدۆیان دۆزییەوە کە غەریزەیە و لە ڕێگەی خاتوونێکی زەریفەوە غەریزەکەیان گرتوو و کۆنترۆڵیان کرد، بە هەمان شێوە پڕۆژەکەی __ئۆجەلان__ غەریزەکە دەشارێتەوە و خەونی گەورە لەناو کارەکتەرەکاندا دەچێنێت. ئیدی کۆنترۆڵکردنی کەسەکان لەلایەن ئەویتری دژی پڕۆژەکە زۆر زەحمەت دەبێت و کارەکتەرانی ناو پڕۆژەکە شوێن ئایدیاو خەونی دیکە دەکەون لە بری ئەوەی شوێن غەریزە تاکە کەسییەکانی خۆیان بکەون.)(6)

## بازدانێکی پێویست

بە شێوەیەکی خێرا لە دوو وێستگەی مێژوویدا لەسەر ڕەگوڕیشەی نەریتی شیوەنکردن بۆ ئەویتری نزیك و ئەویتری دور و دوژمن، چەند سەرنجێکی ئاساییمان پیشاندا. لەم بەشەدا هەوڵی سیماکانی نەریتەکە و گۆڕانکارییەکانی دەبێتە شوێنی تێبینییەکان. بۆچی نەریت هێزی گۆڕانکاری سیما و فۆڕمی خۆی هەیە؟ ئایا زمان ئەم هێزەی بۆ درووستکردوە یان نەریت خۆی وزەی گۆڕانکاری لە خۆیدا دەخولقێنێت؟ لە سەردەمی مۆدێرەنەدا شیوەن کردن بۆ ئەویتر تەنها چەمکێکی کۆمەڵایەتییە یان چەمکێکی سیاسیی و دینیی و ئایدلۆژییە و ئەدەبییە؟ بۆچی مرۆڤی کورد لەم قۆناغەدا هەمیشە لە گەڕانەوە بۆ خۆی، ئاراستەکەی گۆڕیوە بۆ شیوەن کردن بۆ ئەویتر؟ ئەویتری دور و نەناس لای مرۆڤی کورد چییە؟ شیوەن و هاوارەکانی بۆی چ مانایەکی بۆ درووست دەکات و ئەو دۆخە سایکۆلۆژییە لەم مرۆڤەدا چۆن درووست بووە؟ ئەمانە و کۆمەڵێك پرسیاری دیکە قەلەقمان دەکەن لە مۆدێرنەدا شوێن نەریتی شیوەن کردن بۆ ئەویتر بکەوین و پاشان لەبەرگە جیاوازەکانیدا ماناکانی بکەینە جێگەی تێبینەکان.

## یەکەم: شیوەنی کۆمەڵایەتی

تایفە_تیرە_ خێڵ_ سێ پێکهاتەی بنەڕەتی کۆمەڵگەی کوردین. لەناو ئەم سێ پێکهاتەیەدا خوێن دەبێتە زناری بەستنەوەی ئەندامەکان پێکەوە، بۆیە هەر پرسێك ڕوودات هێزی بەستنەوەی خوێن ئەندامەکانی سێ پێکهاتەکە پێکەوە کۆ دەکاتەوە. ئەو چینانەی لەسەردەمی مۆدێرنەدا درووست بوون، وەك چینەکانی مامۆستا، کرێکار، ئەندازیار... هتد. نەیانتوانی سێ پێکهاتەکە کاڵ بکەنەوە و لە شوێنیدا چینەکان جێگربن، لەبری کاڵکردنەوەیان لە کۆتایی ڕستەدا ئەندامانی چینەکان خۆیان گرێ دەدەنەوە بەو سێ پێکهاتەیەوە. فۆڕمی کۆمەڵگەی کوردی لەسەر ئەو سێ کۆڵەکەیە بوونی خۆی بونیاد ناوە. لێرەدا فۆڕم بە ماهیەتەوە دەخوێنینەوە، نەك تەنها تەماشاکردنی شێوە بێت لە دەرەوەی ناوەڕۆك. " فۆڕم و ناوەڕۆك دووانەیەکی دانەبڕاون و کاریگەرییان لەسەر چارەنووسی یەکتری هەیە"(7) ئەوەی فۆڕم پیشانمان دەدات سیمای ناوەڕۆکە، بەم پێیە شار، وەك فۆڕمێکی نوێ لە ژیانی مۆدێرنە، وەك سیستەم، وەك بەرهەم هێنەری مرۆڤێکی دابڕاو لە خێڵ و نەریتەکان، نەیتوانیوە ئەو فۆڕمە بگۆڕێت کۆمەڵگە بە درێژایی مێژوو لەگەڵ خۆی هەڵیگرتووە. بێگومان لە چەند شوێنێك گوێمان لە مرۆڤی شاری دەبێت، ئەم بانگەشەیە تا ئەم چرکەساتە بانگەشەیەکی ڕوکەش گەڕایە، بانگەشەیەکە دونیابینییەکی نوێ و فۆڕمێکی دیکەی لە مرۆڤ نەبەخشیوە بە کۆمەڵگە. ئەگەر تەماشایەکی شێوەی شارەکان بکەین، جگە لە چەقی شارەکان کۆمەڵێك خێزانی شارنشینی تێدا دەژین.(کە ئەوانیش لەناو نەریتە کۆنەکاندا ماونەتەوە و فەرهەنگی نوێیان درووست نەکردوە) کۆی گەڕەك و شوێنەکانی دیکەی شار کە لە گەمارۆیەکی بازنەیی دەچێت، پێکەهاتەکانیان لە بری ئەوەی خۆیان ببەستن بە فۆڕمی نوێی شاربوونەوە، دەگەڕێنەوە بۆ پەیوەندییە خوێنییەکەی ناو سێ پێکهاتەکە. هەرچۆن چینەکانی سەردەمی مۆدێرنە لە ڕووی پیشەییەوە سەر بەیەکێك لە چینەکانن، لە هەمان کاتدا لە ڕووی دونیابینی و خەیاڵ و خوێنییەوە سەر بە سێ کۆڵەکەکەن و دەست لە نەریتی سێ پێکهاتەکە هەڵناگرین، لەناو فۆڕمی شاریشدا هەمان وێناکردن دێتەوە بەردەمان. ئەشێت لە ئایندەدا سیستەمی شار، فۆڕمی مرۆڤێکی نوێ و سەر بە فەرهەنگێکی دیکەی شار درووست بکات، لێ تا ئەم چرکەساتە نە هێزی چینەکانی مۆدێرنە، نە هێزی شاری مۆدێرنە، نەیتوانیوە دابڕانێك لە نێوان سێ کۆڵەکەکە و کۆمەڵگەدا درووست بکات و تا دێت گەڕانەوە بۆ سەر ئەو سێ پاییە بەرەو گەشە کردن دەچێت. لە هەندێك ساتدا شار و چینەکان دەکەونە بەر مەترسی ونبوون و لە شوێنی ئەوان، تایفە، خێڵ، تیرە، تەمسیلی فۆڕمی کۆمەڵگە دەکەن. پرسیاری درووست لە تاکی کۆمەڵگە ئەوەیە، بۆچی چینەکان درووست دەکات، بۆچی شار درووست دەکات؟ بەڵام لە کۆتاییدا خۆی دەبەستێتەوە بە سێ پایە کۆنەکەی پێکهاتەی کۆمەڵگە و سەرەتاو بنەڕەتی خۆی دەبەستێتەوە بەو نەریتانەوە ئەو سێ پاییە بەهێز دەکات؟ ئایا بۆ مرۆڤی کورد شار و چینەکان تەنها وەك کەرەستەیەکی کاتی بێ ئایدیان دەبینێت؟ ئایا دابڕانی لەو سێ کۆڵەکەیە توشی غەریب بوون و تەنیا بوونی دەکات و لە مرۆڤی نوێ دەترسێت؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن هێشتا وەڵامێکی

پوختیان درووست نەکردوە و هێشتا لە مێنتاڵیەتی خێڵ بوون و تایفە بوون و تیرە بوونی تاکی کوردی بۆ دەرنەخستووین. بەڵام بە پوختی لامان ڕوونە ئەم تاکە نە شار، نە چینەکان، نە دونیای مۆدێرنە نەیتوانیوە لەو ڕەگوڕیشە نەریتیانەی خۆی هەڵیبکەنێت و هەمیشە لە شەڕدایە لەگەڵ نوێ بووندا، تا مانەوەی خۆی لەسەر سێ پایەکە بهێڵێتەوە.

بێگومان لەناو کۆمەڵگەیەکدا وزەی خۆی لەسەر سێ پایەی خوێنی بونیاد نرابێت، شیوەن کردن، بەژداربوون لە خەم و پرسەی ئەویتر، یان بەژداربوون لە خۆشییەکی ئەویتر، دەبێتە یەکێك لە نەریتە پتەوەکان بۆ زیندوو هێشتنەوەی ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەی لەناو پایەکاندا درووست بووە. ئەندام بوون لە یەکێك لەم سێ پایەیە، تەنها ئەندامبوونێکی ئاسایی نییە، تەنها ناوێك نییە بکەوێتە پێش ناوی ئەندام یان پاش ناوی ئەندام، بەڵکو بەژداریکردنە لە نەریتەکان و جێبەجێکردنیان. کاتێك ئەندامێکی هاو خوێن لە ژیان دەچێتە دەرەوە، ئەندامێکی ماڵباتە تایفەی و خێڵەکی و تیرەییەکە چوەتە دەرەوە، بەژداربوون لە شیوەن کردن بۆی، بەژداربوونە لە ڕێو ڕەسمێك بۆ هێشتنەوەی هاوخوێن بوونەکە و زیندوو ڕاگرتنی هێزی پایەکان هەتا بە ئەویتری خێڵی بەرامبەری، یان تیرە و تایفەی بەرامبەرە بڵێت: هێشتا مەزنی و هێزی خۆمان لە دەست نەداوە، هێشتا توانای کۆبوونەوەمان هەیە و توانای مانەوەی نەریتەکانمان هەیە. سەیرمان بکەن چەند پەیوەندییەکانمان پتەون و چۆن ئەندامانی ناو هاو خوێنبوونەکەمان دەبنە پەرژینی پاراستنی نەریتەکانمان.

شیوەن کردن بۆ ئەویتر لەم چوارچێوەیەدا کەمێك سنووردار بێت، بەڵام لە ڕووی کردەییەوە پیشاندانی هێزی خێڵ و بنەماڵە و تایقەو تیرەشە بۆ یار و نەیاری. لەم ساتانەی ئێمە لەسەر ئەم پرسە قسە دەکەین، بەشێك لە نمایشی خێڵەکی و تیرەگەری و بنەماڵە گەری لەناو پرسەی شێوەن کردندا ئەنجام دەدرێت. هەر یەکەو لە شوێنی خۆیەوە لە ڕێگەی پرسە و شیوەنەوە بە قەرەباڵغی و شێوازی ڕێو ڕەسمەکەیدا توانای خۆی پیشان دەدات و سەرلەنوێ خوێنی پێکەوە بەستووی زیندوو دەکاتەوە. پرسەکە لەوە دەرچوە تەنها خەمێك بێت بۆ کەسی ڕۆیشتوو، لە پاڵیدا فۆرمێکی دیکەی وەرگرتووە، لە ڕێگەی ڕێوڕەسمەکەوە نامەیەك دەنێردرێت بۆ دەسەڵات و نەیارەکان و یارەکان، نامەکە پەیامی ئەوەی تێدایە هێشتا خێڵەکەمان بەهێزە و خاوەنی زۆرترین کەسی بەستراو بەخوێنەوەیە و دەبێت بە باشی ببینرێین. ڕێورەسمی پرسەکان لە ئاستێکی سنووورداردان، لە هەمان کاتیشدا لە ئاستی پیشاندانی هێزی بچوك بچوکی خوێنیدان. ئەو پرسیارەی لێرەدا دەبێت بکرێت ئەمەیە: بۆچی خێڵەکان و تایفەکان و تیرەکان لە ڕێگەی ڕێو ڕەسمی شیوەن کردن بۆ ئەویتری ئەندامی خێڵەوە ئاستی جەماوەر بوونی خۆیان پیشان دەدەن؟ بۆچی لە ڕێوڕەسمی خۆشی و زەماوەندەکاندا ئەم ئاستە پیشان نادەن؟ واتە شیوەن بۆ دەبێتە نمایشی خێڵ و زەماوەند بۆ نابێتە نمایش؟

بۆ وەڵامی پرسیارەکە ناچار دەبین جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ سەر ئایدیا کۆنەکان، یەکێك لەو پرسانە کۆنانەی کۆمەڵگە خۆی پێوە گرێداوە کارەسات و کەوتن و تراژیدیاییە. کۆمەڵگە بەناو ڕیزێك لە تراژیدیاوە هاتوەتە دەرەوە، ئەم تراژیدیایانە بوونەتە بەشێکی گەورەی نەستی، هەمیشە دڵسۆزی و بوونی خۆی بۆ ئەویتر لەناو تراژیدیاکانەوە دەردەخات و پێی وایە:

بەشداریکردن لە تراژیدیاکان بەشداریکردنە لە وزە بەخشین بە ئەویتر. خاڵێکی دیکە بوونی گوتاری دینییە، گوتاری دینی ڕووبەڕێکی فراوانی پەیوەستە بە تراژیدیا و شیوەن و پرسەوە، خێڵ و تیرە و تایفەکانیش هوشیاریەکەیان لەسەر گوتاری دینی خۆی هەڵدەچنێت، هوشیارییەکی نوێی نییە لەسەر ژیان و مرۆڤ، ئەوەی هەیەتی لەناو ڕابردوودایە، دەیەوێت بەو هوشیارە سنووردارە دینییە کە بوونەتە نەریتی ژیانی، بەردەوامی بە مانەوەیان بدات، مانەوەی نەریتەکانیش مانەوەی خێڵ و تایفە و تیرەکانە. ئەو دژایەتییە گەورەی لەسەر سیستەمی شار دروست بووە، یەکێك لە بناغەکانی ترسانە لە نەمانی نەریتە کۆنەکان، چونکە شار فەرهەنگی نوێ دەخاتە ڕوو، لەگەڵیشیدا مرۆڤەکانی ناوی ناچار دەکات تەماهی لەگەڵ ئەو فەرهەنگە نوێیەدا بکەن و تەماهیکردنەکەش دەبێتە هەڕەشەی گەورە لەسەر نەریتە کۆنەکانی ڕابردوو. بۆیە ململانێکی سەخت لە نێوان شار و نەریتە کۆنەکاندا دروست دەبێت، کۆمەڵگەکە چونکە لەسەر سێ پایەکە وەستانی خۆی ڕاگرتووە، نایەوێت بەرەو جیهانێکی دیکە و نەریتی نوێی سەر بە شار بڕوا، دەکەوێتە ناو دژەیەك بوونێکی گەورەوە. ڕێو ڕەسمی شیوەن کردن یەکێکە لەو ساتە گرنگانەی نەریتەکە تازە دەکاتەوە و لە بەرامبەر ئەو فۆڕمە نوێیەی مرۆڤدا دەوەستێت شار دەیەوێت دروستی بکات. ئەوەش نادیدە ناگرین بەشێك لە ئەدەب و هەوڵە ڕۆشنبیرییەکان لە بوارە جیاجیاکاندا، سەرقاڵی بەرهەمهێنانی دونیایەکی نوێ و پیشاندانی مرۆڤێکی نوێن، بەڵام هێشتا ئەم هەوڵانە لە چوارچێوەیەکی دەستە بژێردا ماونەتەوە و نەبوونەتە هێزێکی گەورە لەبەردەم هێزە کۆمەڵایەتییەکەدا. بۆیە سێ پێکهاتە بنەڕەتییەکەی کۆمەڵگە لە گەشەکردندا نەوەستاون و توانای ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ دونیا نوێیەکەدا بەردەوامە و کردەکان دەکەنە ناو ئەو شتانی پەیوەندییەکان و نەریتەکانیان بە زیندویەتی بهێڵنەوە. گوتاری دینی و سەفسەتەی واعیزیش یەکێکە لە وزە گەورەکانی ئەم نەریتانە بۆ خێڵ و تایفە و تیرە، خێڵ و تایفە و تیرە گەر شوێنێکی هەبێت بۆ کۆبوونەوەی خۆی، شوێنێکی دیکەشی هەیە وزەی لێوە وەربگرێت، ئەو شوێنەش گوتار و سەفسەتەی واعیزە، چەند نەریتەکان خزمەت بە خێڵ دەکەن واعیزەکانیش بە زیندوو کردنەوەی حیکایەتە کۆنەکان هێندە خزمەتی دەکەن، بۆیە کاتێك ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مرۆڤی نوێ، فەرهەنگی نوێی شار ڕوو دەدات، ئەندامانی خێڵ و تایفە و تیرەکان و واعیزەکان دەچنە ناو یەك بەرەوە و پێکەوە ڕووبەرووی ئەو دونیا نوێیە دەبنەوە، چونکە هەردووکیان سەر بەیەك دونیای نەریتین و پێویستیان بەوەیە بەرگری لێبکەن، کەوتنی نەریتە کۆنەکان کەوتنی هەردووکیانە. ئەو پەیوەندییەی پێکەوە ئەو دووانە کۆ دەکاتەوە پەیوەندی شتەکانە، شتەکان مانا بەوان دەدەن." پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان کەسەکان، لە جیاتی ئەوەی لە فۆڕمی پەیوەندییە هاوبەشەکانی خۆیاندا دەر بکەون، لەژێر فۆڕمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان شتەکاندا پەردەپۆش دەکرێن."(8) دەکرێت لەم سیاقەدا بەو جۆرە وێنای شتەکان بکەین، شتەکان بۆ سێ پێکهاتەکە تەنها بریتین لەو نەریت و کردانەی لەناو خۆیاندا دەیانهێڵێتەوە و هەرکاتێك پێویستی بوو دەیانخاتە ناو واقیعە کۆمەڵایەتییەکەوە و جارێکی تر پەیوەندییەکانی پێ دروست دەکاتەوە. یەکێك لەو __شتەکان__ ە شیوەن کردنە لە سنوورێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتیدا. شیوەن کردنێك هەم بۆ ئەویتری ناو خێڵ و تیرە و تایفەیە، هەم بۆ کارەکتەری ناو سێ پێکهاتەکەیە. شیوەن کردنێکە مەرگی ئەویتر چەندە مانای لە دەست دانە هێندەش

دروستکردنی ڕێورەسمێکە بە مەرگەکەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان تازە دەبنەوە و جارێکی دیکە نەریت دەبێتەوە خاڵی یەك بەستنی ئەندامانی ناو سێ پێکهاتەکەی کۆمەڵگە.

## دووهەم: شیوەنی دینی

دین ڕووبەرە گەورەکەی لەناو گوتاری شیوەن کردندا خۆی تەحقیق دەکات. هەمیشە سوبێکتی دینی، سوبێکتێکە گوتارەکە ئامادەی دەکات بۆ شیوەن کردن، شیوەن کردن بۆ دونیای دیکە، شیوەن کردن بۆ ئەم ژیانە، شیوەن کردن بۆ هاو دینییەکەی، شیوەن کردن بۆ خودی خۆی تا لە ڕێگەی ئەم شیوەن کردنەوە، خەیاڵی خۆبەستنەوە بۆ جیهانی دیکە بوونی داگیر بکات. گوتاری دینی و بە تایبەتی تر گوتاری واعیزینی سەردەمی مۆدێرنە، جۆرێك ڕق بوونە لەم ژیانە، یان نەفرەت کردنە لەم ژیانە و هێنانە پێش چاوی گۆڕە بۆ کەسی گوێگر، گۆڕ ئەو شوێنە ترسناك و مەترسیدارەیە گوتارەکەی لەسەر هەڵچنراوە. هەموو خۆشیەك و شادییەك و نمایشکردنێکی جوانی دەبێتە تانەو نەفرەتی ئەم گوتارە دینییە، پێویستە سوبێکت شیوەن و خۆ وێران کردنی لەبیر بێت. پێویستە غەریزەکانی بکوژێت و بەرەڵایان نەکات بۆ ئەوەی خۆشییەکان و جوانییەکانی ژیان بەرەو هەڵدێری نەبەن، بۆ سوبێکتی دینی چەندە پێویستە خۆی بگرێت هێندەش پێویستە شیوەنی بیرنەچێت بۆ شتەکان. تەنانەت ئەو ڕۆژانەی بە (جەژن) ناو دێر دەکرێن لەناو گوتارەکەدا، شێوازێك لە شیوەن کردن و پرسە گێڕانی تێدایە بۆ کەسی ناو جەژنەکان، خۆپاککرنە و خۆ زەلیلکردن و چەمینەوە لەبەردەم ئەویتر و داوای لێبوردن کردن لە ئەویتر گەر خراپەی لەسەر وتبێت بۆخۆی سرووتێکی شیوەنییە. چوونکە هەردوو جەژنەکە جۆرێك لە خۆ پاککردنەوە و خۆ نەفرەتکردن و خۆ نەبەستنەوە بە ژیانی خۆشەوە دەبێتە بنەمای کەسی بەشداربوو. ئەم گوتارە چووەتە ناو دەروونی کۆمەڵگەوە و واعیز و زمانە توندوتیژەکەی دژ بە خۆشییەکانی ژیان، بەردەوام خەریکی بەرهەم هێنانەوەی ئەم شیوەن کردنەیە. سوبێکتی گوێگریش پەیڕەوی لەو سرووتانە دەکات و دەبێتە سرووتگێڕێکی ناو جیهانی شیوەن.

لەبیرمان ناچێت شوناسی دینی لەناو گوتارەکەدا، شوناسێکە خۆی بە باڵاشوناس دەبینێت. دەیەوێت یەکەمین شوناس و دواهەمین شوناس بێت. وەك نمونەیەك: کاتێك کارەکتەرێکی دینی دەڵێت:" من موسڵمانم، من مەسیحیم، من ئێزیدیم، من جولەکەم، من کاکەیم، پاشان من کوردم."(9) ئەم پەیامە شوناسی دینی دەخاتە پێش هەموو شوناسێکەوە. ئیدی زمان و کلتوور و شوناسی کوردبوونەکە دەچێتە خانەی دووهەمەوە، هەر ئەم زهن داگیرکردنەی دین بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین شوناسە ڕاستەقینەکەی کارەکتەرەکە نابێت خەمێکی گەورە، شوناسە دینییەکە خەمی یەکەم و گەورەیە، بۆیە بەهەمان داگیرکاری زهنییەوە دین شیوەن کردن بۆ نزیك و دور دەکاتە شیوەنێکی گشتی و حەشاماتیش بەشداری لەم شیوەنەدا دەکات. ڕەنگە لێرەدا پێویستمان بە دووجۆر نمونەی شیوەن کردن و خۆشی دەربڕین بێت تا بە نمونەکان زیاتر لەسەر شیوەنی

دەستەجەمعی دینی و سەفسەتەی بینینی خۆشی دەربڕین لە ڕوانگەی واعزیی دیینیەوە، ڕووانییەکەمان ڕونتر بکەینەوە. نمونەی یەکەم:" شیوەنی شیعەکان لە ڕۆژی عاشورادا." لەم شیوەنەدا تەواوی مەزهەبێك بەشداردەبن بۆ لێدان و خۆ ئازاردان بۆ ئەویتر، ئەویترێك لە سەردەمێکی زۆر دێریندا کوژراوە، ئەویترێك کە سەر بەهەمان دین بووە و لە لایەن هاودینییەکانی خۆیەوە کوژراوە. ئەم شیوەنە دەستە جەمعییە بووەتە خوانێکی گەورە بۆ کۆکردنەوەی مەزهەبێك. لەوانەیە بۆ سوننەکان ئەم شیوەنە جێگای کۆمیدیا بێت، بەڵام بۆ شیعەکان سەرلەنوێ تازەکردنەوەی شوناسە مەزهەبییەکەی خۆیانە. ئەوە دین و گوتاری ئاخوندییە زەمینە سازی دەکات بۆ ئەم شیوەنە و تا دێت ڕووبەری شیوەن کەرەکانی زیاد دەکات. لە پاڵ ئەمەدا نمونەی جیاواز هەیە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە. نمونەی دووهەم:" ڕۆژی نەورۆز و جەژنی کورد و خۆشی دەربڕین." هەموو ساڵێك لەم ڕۆژەدا گوتاری دینی واعیزەکان توشی هسترییایەکی دەروونی دەبێت، چونکە توانای قبوڵکردنی جەژنێکی نییە مرۆڤەکان لە سیمای جوان و خۆ ڕازاندنەوە و خۆشی دەربڕینەوە بێنە دەرەوە و لە دەوری خوانێکی نەتەوەیی کۆببنەوە، گوتارە دینی و شیوەن کەرەکە ناتوانێت جەژنێك ببینێت لە دەرەوەی دین و سەر بە گەلێك بێت، دەیەوێت هەموو نەریتێك بسڕێتەوە و لەناو نەریتەکانی خۆیدا کارەکتەرەکان کۆ بکاتەوە. هەمیشە ڕق لێبونەوەیەك و نەفرەت کردنێك لەلایەن بەشێکی زۆری واعیزە دینیەکان (بە تایبەت ئەوانەی زهنیان عەرەب و حیکایەتی عەرەبی داگیری کردوە.) دێتە دەرەوە، ئەم نەفرەتکردن و ڕق بوونە لەم ڕۆژە جیاوازە، تێکدانی ئەو ڕووبەرە گەورەیەی گوتاری دینییە کە بۆ شیوەن کردن و خۆ زەلیلکردن بونیادی ناوە. گوتارە دینییەکە لەوە تێناگات ئەم جەژنە سەر بە نەتەوەیە، خوانێکە نەتەوە لەم ڕۆژەدا کۆدەبێتەوە و جارێکی دیکە مانایەکی تازە بە شوناسەکەی خۆی و زمانەکەی خۆی و کلتوورەکەی خۆی دەدات، نایەوێت لە دەرەوەی شوناسە دینییەکە شوناسێکی بەهێزتر درووست بێت. لە پاڵ ئەمەدا گوتارەکەی خۆی بەلاواز دادەنێت کاتێك دەبینێت هێشتا کۆمەڵگە وزەی خۆشی دەربڕین و جوانی پیشاندان و کۆبوونەوە کلتوورییەکانی خۆی و خۆ گرێدانی بە ژیانەوە تێدا ماوەو نایەوێت بەتەواوەتی خۆی بداتە دەست گوتاری نەفرەتکردن لە ژیان و پیشاندانی ژیان وەك فەزایەکی پیسو مەترسی دارو پڕ لە گوناە و شیوەن کردنەوە. هەرچۆن واعیز ئیش دەکات بۆ درووستکردنی گوتارێك کە ژیان پڕە لە گوناە و پیسی و دەبێت مرۆڤی دینی دەستی لێ هەڵگرێت و خۆی ئامادە بکات بۆ ئەو دونیایەی دیکە، کە پڕە لەخۆشی و شادی بۆ کەسی کەپت کراوی ئەم ژیانە، لە ناو ئەم گوتارەدا شیوەن کردن بە ڕیتمێکی دیکە خۆی دەنوێنێتەوە. ڕیتمەکەشی لەوەدایە هیچ خۆشییەکی ئەم ژیانە هەمیشەیی نییە، هیچ چێژێکی تا سەر نییە، دەبێت سوبێکتی دینی دەست لەم چێژ و خۆشیانە هەڵگرێت و وەك کەسێکی پرسە گێڕ و شیوەن کەر بۆ ئەویتری ژیان سەیری ئەم تەمەنە بکات و لە ئامادە باشیدابێت بۆ جێگایەکی هەمیشە و بەردەوامی دیکە، جێگایەك هێشتا گوتارە دینییەکە توانای ئەوەی نییە بتوانێت بیکات بە حەقیقەت و لە چوارچێوەی خەیاڵ و وەهمدا دەیلێتەوە، بەڵام فەزایەکی بۆ درووست کردوە بە حەقیقەت پیشانی دەدات.

شیوەنی دینی فۆڕمێکی سیاسیش وەردەگرێت.دین لە سەردەمی مۆدێرنەدا بە فۆڕمی سیاسییەوە خۆی دەرخستەوە، جیاوازییەکی گەورە لەو فۆڕمە سیاسییەی دین و فۆڕمە تەسەوفییەکەدا هەیە. تەسەوف فۆڕمێکە سەر بە کلتووری_ئێران__

لەناو دونیای تەسەوفدا شیوەنەکان جیاوازن لەگەڵ ئەو شیوەنانەی لە فۆڕمە سیاسییەکەی دیندا هەیە. تەسەوف شێوازی شیوەنەکانی زۆر لە شێوازی لاوژە دێرینەکانی میزۆپۆتامیا دەچێت، هەمیشە کەسی شیوەن کەر بۆ ئەویتری هاوڕێی، ناسراوی، دۆستی، یان خۆشەویستی ئیتر نزیك بێت یان دور، پرسەکە دامەزەرێنێت. شیوەن کردنەکەشی لە ڕێگەی ئەدەب و زمانێکی باڵاوە دەبێت، زمان دەکاتە دەلاقەی گەیاندنی بوونی خۆی و مەرگی ئەویتر. چۆن لە لاوژەکاندا زمان ئەو هێزەیە ژیان و مەرگ پێکەوە گرێدەدات، بەهەمان شێوە شیوەن کردنی تەسەوفیش ڕووبەری ئەدەب و زمان ئەو شوێنەن تێیاندا هەم باڵادەستی خەیاڵ و زمان پیشان دەدرێت، هەم جۆرێك لە ڕۆچوون و مەحوبوون لەناو شیوەن کردندا بۆ ئەویتر دەبێتە وێنەی دیاری دەربڕینەکان. هیچ کات لە تەسەوفدا ڕوونادات شیوەن بەبێ خۆشەویستی درووست بێت ، خۆشەویستی خاڵی بەیەك بەستنەوەی مەرگ و ژیان، لەدەست چوو و مانەوە، ئەویتر و منە. ئەوە خۆشەویستییە ئەم پردانە درووست دەکات و دەنگی شیوەن کردنی لێوە بەرز دەبێتەوە. بەڵام بۆ فۆڕمی گوتاری سیاسیی دینی، تەواو پێچەوانە دەبێتەوە. چونکە خودی پرۆژە سیاسییە دینییەکە سەر بە کلتووری_عەرەب_ە. کاتێك درووست دەکرێت بۆ ئەوە درووست دەکرێت جارێکی دیکە دین بکەوێتەوە ژێر دەستی عەرەب و لەو کلتووره __ئێران__یەکە ڕزگاری بێت. لە دەست پێکردنی فۆڕمە سیاسییە دینییەکەوە تا ئەم چرکە ساتە، ڕق، ئەویتر سڕینەوە، شیوەن کردن بۆ مەزڵوم و ستەمکاری دینی، بەرهەمهێنانی سوبێکتی زیهن تەعریبکراو، دەبێتە جەوهەری پڕۆژەکە و سەرلەنوێ وزە بەخشینەوە بە بنەما خێڵگەراییەکان و ناوچە گەراییەکان، کە هەر هەموو ئەمانە سەر بە کلتووری عەرەبن.

فۆڕمە سیاسییەکە شیوەن بۆ هەموو ئەویترێکی دینی دەکات لە هەرشوێنێکی دونیا بێت. چونکە هەیمەنەی گوتارەکەی هەیمەنەیەکی عەرەبییە، هەیمەنەیەکە دین و نەتەوەی عەرەب پێکەوە دەبەستێت، پێویست ناکات خۆشەویستییەك لەو نێوانەدا هەبێت، لەبری ئەوە ڕقێك لە ئەویتری دوژمن، دەبێتە ئامیانی بەرهەمهێنانی شیوەن کردنەکە. هەمیشەش ئەو ڕقە ئە ئەویتری دوژمن، دنە دەردەبێت تا حەشاماتی شیوەنکەر بۆ ئەویتری کۆمەڵگە، یان کەسی دینی، جۆش بدات و پێکەوە بچنە ناو دونیای شیوەن کردنەوە بۆی. ئەم نەریتە سیاسییەی شیوەن کردنی دین بۆ ئەویتری دینی، زۆر لە نەریتە ئاشوورییەکە دەچێت.(بگەڕێوە بۆ شێوازە ئاشوورییەکەی لە سەرەتای وتارەکەدا ئاماژەمان پێدا.) مەرج نییە ئەویتر لە گوتاردا کە بە دوژمن وێناکراوە، لە ڕاستیدا دوژمن بێت، بەڵام گوتارە دینییە سیاسییەکەی سەر لە کلتووری عەرەب، هەمیشە دوژمن دادەتاشێت و درووستی دەکات، هەر شوناس و بوونێك و نەریتێك لە دەرەوەی خۆی بێت وێنەی دوژمنیان بۆ درووست دەکات و حەشاماتیان بۆ کۆ دەکاتەوە. ئەم گوتارە لەسەر بنەوانی ڕق خۆی تازە دەکاتەوە و هەمیشەش پێویستی بە دوژمنێکە بۆ درێژەدان بە خۆی. وەك چۆن لە گوتاری تەسەوفی سەر بە کلتووری ئێرانی، کەمترین دوژمن ئامادەیی هەیە و خۆشەویستی بۆ هەموو ئەویترێك شوێنی ڕق دەگرێتەوە، لەناو گوتارە دینییە سایسیەکەی سەر بە کلتووری عەرەب، پێچەوانە دەبێتەوە و جارێکی دیکە کلتووری عەرەبی باڵادەست دەبێت بەسەر دیندا و هێزە سیاسییەکانی ناو ئەم دینەش کار لەسەر

ئەو دیدگایە دەکەن کلتوورەکە بونیادی ناوە و شێوازی شیوەن کردنەکەیان بۆ ئەویتری نزیك یان دور، دۆست یان دوژمن، شێوازێکی ئاوەژو کراوە کە حەقیقەتی شیوەنکردن و فۆڕمەکانی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە.

## سێهەم: شیوەنی ئەدەبی

دەستەواژەکانی (سوتام بۆت، مردم بۆت، لە پێناوت دەمرم، تۆ هی منی، ئەی یار... هتد) کۆمەڵە دەستەواژەیەکی ناو دونیای شیوەنی ئەدەبین. هیچ ئەدەبێك بە تایبەت ژانری شیعر نییە، خاڵی بێت لە شیوەن. پرسیار لەم تایپەی ئەدەب، پرسیارە لە خەیاڵ و بیرکردنەوە زاتییەکانی شیوەن نووس. پرسیارە لەو سایکۆلۆژیاییەی بنووسەکە ئەدەب دەکات بە سەرزەمینێك لە ڕێگایەوە دۆخە ناخەکیەکەی خۆی بەزمانی ئەدەب داڕێژێتەوە و شیوەنە زاتییەکە بەرگێکی ئەدەبی بکاتە بەر. ناخوازین بڕیار بدەین لەسەر دەرکردنی شیوەن لە هەرێمی ئەدەب، بەپێی ڕەگوڕیشەکە زمانی ئەدەب بۆ خۆی زمانێکە لە بونیادەوە شیوەن لەوێوە سەرچاوە دەگرێت، وەك چۆن لە لاوژەکاندا سەرنجمان خستە ڕوو. بەڵام لە سەروەختی ئەدەبی کلاسیك، ئەدەبی بەرگری، ئەدەبی نوێ، شێوازی شیوەن کردنەکەش لە چەمکێکەوە بۆ چەمکێکی دی، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی بەرگێکی جیاوازتر دەکاتە بەری خۆی.

با تەماشایەکی دەقی کلاسیکی بکەین، هەردوو دەقی (مەم و زین، لەیل و مەجنون__ خانی و قوبادی)** دەقەکان لەسەر چەمکی عیشق و خۆشەویستی داڕێژراون، کارەکتەری سەرەکی هەردوو دەقەکە تێکۆشەرێکن لە پێناو گەیشتن بە ئەویتر، ئەویتری یار، ئەو کەسەیە دەبێت عاشق خۆی لە پێناویدا بەخت بکات. عەشق لەم دەقانەدا چەمێکك نییە بەسترابێت بە ئازادی و خۆشیی ژیان و، هوشیاری لە نێوان دوو کارەکتەردا، عەشق قیبلەیەکە کاتێك دێتە ئاراوە دوو هەوڵدەرەکە پێی بگەن، ئەویتری یار موڵکە، بۆبەدەست هێنانی تا گەیشتن بە مەرگ مەعشوق بۆی تێدەکۆشێت. لەم عەشقە کلاسیکییەدا هوشیاری لە دەرەوەی عەشقە، موڵکیەتی __ تۆ هی منیت، من هی تۆم__ دەبێتە بونیادی تێگەیشتنەکەی دەق بۆ عەشق. یار وەك کەسێك لە شوێنی خۆی وەستاوە، پێویستی بەوەیە مەعشوق هەمیشە لە شیوەن کردندا بێت بۆی، تا ئەو شیوەنە خۆشی بەرەو مەرگ ببات عەشقەکە زیاتر ڕاستەقینە بوونی خۆی دەردەخات. گەر عاشق توانی لە پێناو مەعشوقدا خۆی ببێتە قوربانی، ئەوا عەشق گەیشتوە بە کەماڵی خۆی. ئەم تێگەیشتنە کلاسیکیە بۆ عەشق و مەعشوق لە تەواوی ئەدەبی نوێشدا ڕەنگی داوەتەوە و پرسی ئازادی و ژیانێکی نوێ خۆی لەناو هەژمونی تێگەیشتنە کلاسیکیەکەدا ونکردوە و هێشتا شیوەن و سوتان و مردن و موڵکییەت باڵا دەستن بەسەر ئەدەبەوە.

دیوێکی دیکەی ئەدەبی کلاسیك، داماڵێنی تەواوی چەمکەکانە لە ژیان و مرۆڤ و واقیع و گەیاندنیان بە ئاستێکی میتافیزیکی و باڵای ئاسمانی. پاش دەقەکانی مەم و زین و لەیلاو مەچنوون، ئەدەبی کلاسیك بە تایبەتر ئەدەبی سۆفیگەری هەوڵێکی زۆر

دەدات چەمکەکان لە مرۆڤ بسەنێتەوە و بیانبەستێتەوە بە دین و ئاسمانەوە. خۆشەویستی، عەشق، بوون، باڵایی مرۆڤ، پاکی، گوناە... هتد. گرێ دەدرێن بە میتافیزیکاو ئاسمانەوە. ئیدی وردە وردە خەریکە چەمکێك نامێنێتەوە بۆ ژیانە واقیعییەکەی مرۆڤ. شیوەن کردنی ئەدەبی کلاسیکی سۆفیگەری کە بەشێکی زۆری ئەدەبی ئێمە سەر بەم جیهانەیە، شیوەن کردنێکە لەنێوان دین و ژیانی ڕاستەقینەدا. ئەدەبەکە دێت وێنایەك بۆ مرۆڤ و ژیان درووست دەکات بیبەستێت بە ئەزەلی بوونەوە. لەناو ئەم تایپەی ئەدەبدا لەیەك کاتدا شیوەن بۆ یار، شیوەنە بۆ یاری دینی، بۆ یاری ئاسمانی..هتد. ڕەمزە زمانەوانییەکان لە نێوان یاری واقیعی و یاری دینی و ئاسمانیدا مەودایەکەیان نەهێشتوەتەوە و لە زۆر جێگادا پێکەوە تێکەڵ بوون. شیوەن لە دونیای ئەدەبدا زمانێکی زیندووتر و فرەمەدلولی درووستکردووە، زمانێك زیاتر توانای مانەوەی هەیە لەو زمانەی کە ئەدەب نییە.(لێرەدا تێبینیەك دێتە پێشمان، ئەدەبی کلاسیك دەقەکانی بێ ناو نیشانن، ئەم بێ ناو نیشان بوونە نەریتێکی دێرینی میزۆپۆتامیا و لاوژەکانە، تا هاتنی ئەدەبی نوێ، کە دەبێتە خاوەنی ناونیشانی دەق، ئەدەب هێشتا لای نەداوە لەو نەریتە دێرینەی لاوژەکان و بە بێ ناونیشانی دەق ماوەتەوە.)

بەهاتنی ئەدەبی بەرگری، شێوازی شیوەنەکە دەگۆڕێت. (نیشتیمان، نەتەوە، پاڵەوانەکان، بەرگریکارەکان، سەرکەوتنەکان، کارەساتەکان.) دەبنە ئامیانی شیوەن کردنێکی دیکە. سوبێکتی ئەدەبی لەناو دەقدا ئەم چەمکانە دەکاتە وێستگەیەك تا شیوەنەکەی خۆی لە سایکۆلۆژیایەکی تاکەکەسییەوە، بگوازێتەوە بۆ پانتایەك و چەمك گەلێکی دیکە، کە هەر هەموو چەمکەکان خۆیان بەستوە بە ئایدۆلۆژیای سیاسیی و نەتەوەییەوە. لەناو ئەدەبی بەرگریدا لە چەندین دەقدا شیوەن دەبینین بۆ هەریەك لەم چەمکانە، بنووسی شیوەن کەر، لە شوێنی خۆیەوە زەمینە ساز و دۆشدان و دنەدان و گەرمکردنەوەی پرسەکان دەکاتە خاڵی بەیەك گەیشتنی شیوەن کردنەکەی خۆی و بۆ ئەوانیتری ناو چەمکەکان. لەبەر ئەوەی نیشتیمانی ئەدەب فراوان و فرە ڕەهەندە بۆ ئەدیبی شیوەن نووس، زۆر ئاساییە هەرجارە و لە یەکێك لە ڕەهەندەکانەوە شیوەنی خۆی بگەیەنێت بە ئەویتر. بەڵام کێشەی ئەدەبی نوێ لەوەدایە دەستەواژەی (ئیلاهی، خودایا، من زەلیلم، تۆ هەمووشتی... هتد) کە دەستەواژەی واعیزیین و پاڕانەوە و خۆ بچوکردنن دەخاتە ناو ئەدەب و دەیەوێت ئەم شیوەنە خۆ بەچوك زانینە بە ئەدەب پیشانی خوێنەر بدات. چۆن کلاسیك چەمکەکان دەبەستێت بە ئاسمانەوە، ئەدەبی بەرگریش دەیان بەستێت بە گوتاری ئایدۆلۆژی و سیاسییەوە و لەو نێوانەدا هیچ بۆ مرۆڤ و ژیانە واقیعییەکەی نامێنێتەوە! هیچ نکۆڵی لەوە ناکرێت پاڕانەوە و خۆ زەلیلکردن نەك هەر ئەدەب نییە، بەڵکو فۆڕمێکی شیوەن کردنی واعیزە لەناو پەرستگاکانەوە گەشەی پێدەدرێت و بارگاویش بکرێت بە هەر زمانێکەوە، دواجار ئەو زمانە دادی نادات و لە چوارچێوەی شیوەن کردنی سەتحی واعیزیدا دەمێنێتەوە و نابێت بە ئەدەب. گەر ئەدەب دەسکاریکردنی دونیا نەبێت، بەرهەم هێنانی ژیانێکی نوێ نەبێت، سەرلەبەری هەڵتەکانەوەی مانا کۆنەکانی چەمکەکان نەبێت، داڕشتنەوەی دونیابینیەکی نوێ نەبێت، لە ئەدەببوون دەکەوێت و وەك کۆی ژانرەکانی دیکە لەناو فەزا گشتییەکەدا بە نەریتە کۆنەکانەوە خۆی سەرقاڵدەکات و لەناویشیاندا دەمرێت. ئاماژەدان بە نەریتی شیوەن کردنی ئەدەبی، ئاماژەدانە بەو تەرزە نا ئەدەبییەی بەناوی ئەدەبەوە خۆی دەردەخات و لە

ڕاستیشدا ئەدەب نییە، شیوەن کردنە و نەریتە بۆ ماوەیەکەیە لە فەزای گشتیدا وەریگرتوە و هەندێکجاریش شێوەی دەگۆڕێت. دۆخێکی سایکۆلۆژیی سوبێکتی بنووسی شیوەنە و لێی بووەتە ئەدەب. خۆزەلیلکردن و خۆوێرانکردنە بەبێ درووستکردنی ڕوانینێکی دیکە بۆ چەمکەکان. بۆ نمونە: لەناو ئەدەبی کلاسیکدا عاشق لە نێوان قوربانی و موڵکیەتدا دێت و دەچێت، گەر ڕوانینی ئەدەبی نوێش بۆ چەمکەکە هەمان ڕووانینی کۆن بێت، کەوایە ئەدەبەکە چەقی بەستووە و پێی ناکرێت تێگەیشتنێکی تازە بخاتە سەر چەمکەکە. یار لە ئەدەبی کلاسیکدا هەم نادیارە هەم دیارە و هەم ئەو قیبلەیە عشق بەرەو ڕووی دەڕوات و دەیەوێت بیکاتە موڵك، ئەدەبی نوێ نەیتوانی یار بکاتە سەرزەمینێك بۆ ئازادی و تێگەیشتن لە ژیانێکی جیاواز، کەوایە ناچار دەبێت لە شیوەن نوسیندا خۆی قاڵ بکاتەوە بە دووبارە و هەزاربارە کردنی بینینە کۆنەکە. ئەدەبی بەرگریش بە هەمان شێوە یار نیشتیمانە، نەتەوەیە، هتد.. بەبێ ئەوەی تۆسقاڵێك خۆی ماندووکات بۆ هەڵتەکانەوەی دیدە کۆنەکە لەسەر چەمکەکان، تەنها دێت لە ڕێگەی شیوەن کردنێکی تازەوە شوێن گۆڕین بە چەمکەکان دەکات، بۆیە هیچ کات ئەدەبی شیوەن کردن نابێتە ئەدەبێك بۆ ژیانێکی نیوە، واتە: شیوەن کردنی ئەدەبی بەرهەم نەهێنانەوە و نەبینین و دانەڕشتنەوە و خۆ زەلیلکردنەکە دەنووسێتەوە و لای خوێنەری ئاسایش ئەم شیوەن نوسینە بە ئەدەب پیشان دەدات!

## سێهەم: شیوەنی سیاسی و ئایدۆلۆژی

بەر لە تێبینی نوسین لەسەر شیوەنی سیاسیی و ئایدۆلۆژی، نیگایەك لە ئایدۆلۆژیا ڕێگەکەمان بۆ ئاسان دەکات لە گوتارەکەی و کردەکانی بگەین. "ئەرگۆمێنتی عەقلانی پشتگوێ بخە و خۆت بدەرە دەستی سرووتە ئایدۆلۆژییەکان، بەهۆی دووبارەکردنەوەی ژێستە بێ ماناکانەوە خۆت وڕوکاس بکە. ئایدۆلۆژیا ئەو وەهمەیە کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینە و کاراکانمان درووستدەکات." (10) جیهانێکمان بۆ درووستدەکات، ساختە، بەبێ ئەوەی ساختە بوونەکە لەگەڵ ڕاستەقینە جیابکەینەوە. خۆدانەدەست گوتارەکە پشتکردنە لەو واقیعە ڕاستەقینەی لە ناویدا حەقیقەتێکی هەڵگرتووە، کاتێك گوتارەکە دێت بەر لەوەی حەقیقەتەکە بشارێتەوە و ساختەیەك بخاتە شوێنی، سوبێکتی بەشداربوو بینینی بۆ خۆی و دەرەوەی خۆی، بینینی بۆ واقیع و ڕاستەقینە، ئاوەژوودەکاتەوە بۆ بینینێکی ئایدۆلۆژی. لەوانەیە خۆ وڕوکاسکردنەکەی بەو جۆرە شرۆڤەنەکرێت خۆفریودانە، بەڵکو لەناو فریودانەکەدا خۆی دەبینێتەوە بەبێ ئەوەی بە فریودان تەماشای بکات. ئایدۆلۆژیا پێویستی بەوە نییە ئارگۆمێنتی لۆژیکی بهێنێتەوە بۆ درووستکردنی حەشامات، چونکە ئارگۆمێنتی لۆژیکی سەر بە جیهانی حەشامات نییە، ئایدۆلۆژیا پێویستیی بەوەیە لەناو گوتاری ساختەدا سەرلەنوێ حەشامان و سوبێکتی ئایدۆلۆژی بەرهەمبهێنێتەوە بەبێ ئەوەی ڕەدکردنەوەیەك بۆ ساختەبوونەکەی هەبێت. بێگومان ئایدۆلۆژیاییە لەسەر وەهمەکان خۆی کەڵەکە دەکات و لە ناو پەیوەندیەکی ڕاستەقینەیدا پەیوەندییەکان گرێ دەداتەوە. واتە: "ئایدۆلۆژیا تەنها هوشیاری سیاسیمان ناشێوێنێت، بەڵکو هەر لە بنەڕەتەوە درووستماندەکات."(11) بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش هەڵگری هەمان گوتارە،

نایەت پەیوەندییەکان بشێوێنێت، سەرلەنوێ بەو جۆرە درووستیان دەکاتەوە سەر بە جیهانە وەهمی و ساختەکەی خۆیەتی. هوشیارەییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکە دەشێوێنی، شێواندنێك بە بەرگی حەقیقەتەوە دەیهێنێتەوە ناومان ، لای کارەکتەری ئایدۆلۆژی دەرککردنی شێواندن نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە شێواندنەکەی بێ ڕاستەقینەیە و ڕاستەقینەکەی پێ شێواندنە. ئەو جیهانەی ئایدۆلۆژیا درووستی دەکات جیهانێکە لە نێون ڕاستەقینە و ساختە و شێواندا هوشیارییەکی پتەوی دەوێت بۆ لێك جیاکردنەوەیان. پرسی شیوەن کردنیش لە ئایدۆلۆژیادا وەك هەموو پرسەکانی دیکە ئاڵۆزە و زەحمەتێکی زۆری دەوێت تا جەوهەرە ڕاستەقینەکەی بدۆزیتەوە.

لەناو ئەم پرسەدا شیوەن کردن بۆ ئەویتری نزیك و دوور، شیوەن کردنێکی ئاڵۆزە، شیوەن کردنێکە لە بنەڕەتەوە ئایدۆلۆژیا درووستیکردوە و خۆشی ئاراستەی دەکات. ئەو گوتارەی دیمەنی شیوەن کردنەکە دەکاتە دیمەنێکی دەستە جەمعی، پێویستی بەوەیە لەم شیوەن کردنەدا هێز و بوونی خۆی لەسەر شیوەن بچنێتەوە. ڕوودەدات لەناو ئەم فەزایەدا هەم دین، هەم سێ پێکهاتە کەی کۆمەڵگە، هەم تەواوی چینەکانی دیکە ئامادەییان هەبێت. ئامادەییەك بەو جۆرە نا ببنە خاوەن شیوەن کردنە سیاسیی و ئایدۆلۆژییەکە، بە پێچەوانەوە تەواوی پێکهاتەکان لەناو کەرنەڤاڵەکەدا دەتوێنەوە و ئەوەی دەردەکەوێت و دیارە ئایدۆلۆژیا و ڕێو ڕەسمە ئامادەکراوەکەیەتی. نمونەی زیندوو لەم جۆرە ڕێوڕەسمی شیوەنەدا، مەرگی ئەندامی باڵای ئایدۆلۆژی، یان مەرگی سەرکردەی ئایدۆلۆژی، مەرگی پاڵەوانی ئایدۆلۆژی. ئەم مەرگانە لەوە دەردەچن سەر بە خانەیەکی دیاریکراوبن، دەبنە مەرگێك بۆ دەرکەوتنی گوتاری ئایدۆلۆژیا، گەرچی گوتارەکە دەیەوێت لەم پرسەی شیوەن کردنەدا هێز و باڵایی خۆی بەسەر کۆی پێکهاتەکاندا بکشێنێت و بیکاتە وێستگەیەك بۆ تێپەڕین لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە، ئەمما زۆر جار پێچەوانەکەی دێتەوە بەردەمی.

لە شیوەن کردنی سیاسیی و ئایدۆلۆژیدا کۆمەڵگەی کوردی دابەشبووە بەسەر گوتارە ئایدۆلۆژییەکاندا. لە هەر ڕێو ڕەسمێکی ئایدۆلۆژیدا دەستەو تاقمێکی سەر بەو ئایدۆلۆژیاییە دەچنە ناو پرۆسەکەوە. مەرگی سەرکردە ئایدۆلۆژییەکان چرکەساتێکی گرنگە دوو دیوی ئایدۆلۆژی لەم شیوەن کردنەدا دەخاتە بەرچاومان. دیوێکی ئایدۆلۆژیا مەرگەکە دەکات بە وێستگەیەك بۆ تازەکردنەوەی خۆی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگە، لە دیوێکی تریشیدا وەهمێك درووست دەکات، مەرگی سەرکردە مەرگی بەشێکی گەورەی مێژوو ئایندەی کۆمەڵگەیە. ئەم وەهمە دەبێتە حیکایەت و لەناو سوبێکتە ئایدۆلۆژییەکاندا دەوترێتەوە. ڕستەکانی ئەم حیکایەتانە کاتێك دەڵێن:" دوای فلاَنکەس هەمووشت خراپ بوو، دوای ئەو دونیاکە گۆڕا، گەر بمایە شتی مەزنی دەکرد.. هتد" ئەم جۆرە ڕستانە ئەو وەهمانەن ئەو کەسەی دەیڵێت وتنەکانی لێ بووە بە ڕاستی و هیچ کات پرسییارێك لەسەر وتنەکانی خۆی ناکات، یان گومانێك ناخاتە ڕوو تا لە وەهمەکان بێتە دەرەوە. هەر ئەوەی چۆن وەهم دەبێتە ڕاستەقینە لە دونیای سیاسیی و ئایدۆلۆژیدا، بە هەمان شیوە سوبێکتی ئایدۆلۆژی لە نێوان ڕاستی و وەهمدا بۆی یەکلایی نابێتەوە حەقیقەتەکە لە کوێدایە.

شیوەنکردن بۆ ئەویتری ئایدۆلۆژی و سیاسی، زۆر جار زەمەنەکان تێدەپەڕێنێت. سرووتێکە زۆر لە سرووتی دینی دەچێت. چۆن دین توانای درێژەدانی هەیە بە سرووتەکانی خۆی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دیکە، ئایدۆلۆژیاش ئەم توانایە هەیە و سرووتەکانی خۆی دەخاتە خانەیەکی تایبەتی پیرۆزەوە و هەمووساڵێك لەو چرکەساتەدا جارێکی دیکە نوێی دەکاتەوە و گوتارە ساختەکەی خۆی لەسەر دادەڕێژێتەوە. ئەگەر دین بەشێکی گوتاری خۆی لەناو شیوەنکردندا بۆ ئەویتری دینی بەرهەمبهێنیتەوە، ئایدۆلۆژیا و سایسەتیش لەسەر ئەو تەرزە ئیشکردنە گوتاری خۆی دەخاتەوەڕوو. پەیوەندییەکی تۆکمە لەنێوان ئایدۆلۆژیای سیاسی و دینیدا هەیە، ئەم پەیوەندییە هەردووکیان گرێدەدات بە کۆمەڵگەوە و هەردووکیان لەسەر درووستکردنی سوبێکتێك کاردەکەن و سوبێکتەکە لەناو حەشاماتدا دەشارنەوە. گەر سوبێکتی دینی وەهمی دونیایەکی دیکە ببێتە ئومێدێکی هەمیشەیی بۆی، سوبێکتی ئایدۆلۆژی سیاسی وەهمی دونیایەکی ساختەی بە ڕاستی پیشاندان دەبێتە ئومێد بۆی. لەم دوو تایپەدا شیوەنکردن بۆ ئەویتر، تەقسێکی پیرۆزییانەش وەردەگرێت، ئەویتری ڕۆیشتوو لە مەقامێکی پیرۆزیدا تەماشادەکرێت و ژیانەکەی دەبێت بە کۆمەڵێك حیکایەت، لەناو حیکایەتەکاندا ڕابردوویەکی پڕ شکۆو جوانی بۆ درووست دەکرێت. سوبێکتەکانی ناو تەقسەکە زۆرێکیان لەناو ڕابردووەکەدا ژیاون و هیچ شکۆمەندییەکیان بەدی نەکردووە، ئەمما گوتارە باڵا دەستەکە دەیانخاتە ئەو جێگەیەی کە بڕوابکەن ئەوەی ڕۆیشت و شیوەنی بۆ دەکەن لەناو شکۆمەندیدا ژیاوە! لە پرسەی کارەکتەرە دینی و سیاسییەکاندا بەر گوتارێکی باڵادەستی ساختەکار دەکەوین. گوتارێك هیچکات پەیوەندیی بە واقیعەوە نییە. گوتارێك شیوەنکردنەکە گەرم دەکات و دەیکاتە کەرنەڤاڵێکی دەستەجەمعی. چۆن کارەکتەرێکی شیوەنکەری دینی هەمیشە ئارەزووی گەڕانەوە دەکات بۆ سەردەمی لەدەستچوو، کارەکتەری بارگاوی بە گوتاری ئایدۆلۆژی سیاسی لەناو هەمان خەمۆکی گەڕانەوەدا دەژیت.

ئەم فۆرمانەی شیوەنکردن، چ لەناو مێژووە دێرینەکەدا، چ لە ناو ئاستە کۆمەڵایەتیەکەدا، چ لە ناو ئایدۆلۆژیای سیاسیی و دینیدا، چ لەناو ئەدەبدا، بوونەتە فەزایەکی گشتی و زیهنی تاکەکان و کۆمەڵگەی پێ ئاراستە دەکرێت. فەزایەك هەمیشە تراژیدیا و خەمگینییەك و ڕێوڕەسمێك هەیە تا سوبێکتی ناو کۆمەڵگە خۆی تێدا ببینێتەوە و ببێتە بەشێك لەو مەکینەیەی ڕێوڕەسمەکانی لەسەر درووستدەکرێت. کاتێك لە فۆڕمی شیوەنکردنەکان و کارەکتەرەکان ورد دەبینەوە، هەست بەوە دەکەین کۆمەڵگە بەبێ نەریتەکان ناژیت و بە ئاگا یان بێ ئاگا توانایەك لە ناوخۆیدا بەدی ناکات گۆڕانکاری بەسەر نەریتەکاندا بهێنێت. گەرچی شیوەن کردنێك نەبێت بۆ نزیکێکی، بۆ هاو دینیەکی، بۆ هاو ئایدۆلۆژییەکی، لە گۆشەیەکی دیکەوە شیوەن کردنێك دەدۆزێتەوە تا خەمگین بوونی خۆی تێدا تەحقیق بکات. ئەمڕۆی سیستەمی سەرمایەدار و دونیای شاشەکان، شیوەن کردنەکەیان لە پرسەیەکی خۆخەمگین کردنەوە گۆڕیوە بۆ هەڵوێستێکی مرۆڤانە و سیاسییانە و ئایدۆلۆژیانە. دونیای شاشەکان تەنها دەسکاری بینینی مرۆڤەکان ناکات، تەنها ماهییەتە ڕاستەقینەکەیان ناخاتە ڕوو، تەنها دەست ناخاتە ناو تایبەت مەندییەکانیانەوە، بەڵکو نەریتەکان و پرسەکانیان لە شوێنێکەوە دەباتە نا شوێن،(ناشوێن لێرەدا دونیای شاشەکانە، کە هەم شوێنە و هەمیش شوێن نییە.) کاتێك لە شوێنێکی ئەم دونیاییە کردەیەکی نا مرۆڤانە ئەنجام دەدرێت، ئیدی دونیای شاشەکان

دەبێتە ئەو ڕووبەرەی تەواوی شیوەن کەران پێکەوە کۆ بکاتەوە و هەر یەکە و لەسەر دیواری خۆی ئاستە مرۆڤانەکەی خۆی دەرخات. ناو نانەکە (شیوەن کردن) ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، هەندێکجار بۆ هەڵوێستی سیاسیی، یان مرۆیانە، یان...هتد. بەکار دێت. هەرچۆنێك بێت جیهانەکە بە شێوەیەك ناواقیعی بوەتەوە، شیوەن کەر زۆر بەئاسانی دەچێتە ناو ڕێوڕەسمەکە بە بێ ئەوەی خۆی وەك حەقیقەتێك ئامادەیی هەبێت، زمان دەکاتە کەرەستەی بەشداربوون تێیدا. کە شەڕێك لە وڵاتێك ڕوودەدات، ڕاستەوخۆ گوتاری ئایدۆلۆژی لەسەر شەڕەکە دوو بەرە درووست دەکات، بەرەیەك سەر بە شکستخواردووەکان، بەرەیەك سەر بە سەرکەوتووەکان، بەرەیەك سەر بە ئایدیا دینییەکە، بەرەیەك سەر بە ئایدیا نەتەوەیەکە..هتد. هەردوو بەرەکەش لەناو ڕێو ڕەِسمەکەدا لە دونیای شاشەکاندا شیوەن بۆ ئەویتر دەکەن. ئیدی ئەویتر ئاگاداربێت یان نا گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کەسی شیوەن کەر لەناو چوارچێوەکەی خۆیدا دەوروبەری ئاگادار بکاتەوە لەم شیوەنەدا سەر بەکام بەرەیە. کەمترین کات لە شیوەن کردنەکەدا بەر ئارگۆمێنتێکی لۆژیکی دەکەوین، بەهۆی غیابی بیرکردنەوە لە چەمکەکە، هەست و نەست و بڕیاردانی بە پەلە شوێنی تێگەیشتن دەگرێتەوە. لە هەموو حاڵەتێکدا ئەو ئایدیایانەی کۆمەڵگەیەکی بەستراو بە سێ پایەکەوە پێویستی پێیەتی، سوبێکتێکی درووستکردووە بەردەوام بۆ خۆدەرخستنی چاوەڕێی شیوەنکردنێك دەکات خۆی بخاتە ناوییەوە. ڕێوڕەسمەکە دەکاتە ئاوێنەیەك خۆی تێدا ببینێتەوە و لە هەمان کاتیشدا خۆی پیشانی ئەویتری دەوروبەری خۆی بدات.

ئەم جۆرە لە کۆمەڵگە کەمترین ئاگایی لە بوونی خۆی و زمانی خۆی و ڕەگوڕیشەی پرسەکان هەیە. پێویستیشی بەوە نییە بگەڕێتەوە بۆ ناسینی بنەوانیان، ناشیەوێت هوشیارییەکی تەواوی لەسەر پرسەکان هەبێت، گرنگ ئەوەیە لە ڕووە دەروونییەکەوە شیوەنکردنێك، یان پێچەوانەکەی شادی دەربڕینێك هەبێت خۆی بخزێنێتە ناوی و بۆ چەند ساتێك بۆشاییە دەروونییەکانی خۆی پێ پڕبکاتەوە. لەم وتارەدا مەبەستەکە زهنییەتی تاکی کۆمەڵگەیە، زهنییەتێك گەمارۆ دراوە بە کۆمەڵێك نەریت و گوتاری ئایدۆلۆژی و دینی، لەم گەمارۆدانەدا لەبری خۆ ڕاتەکان و پرسیار درووست کردن لەسەر بوونی گوتارەکان و فەزا گشتییەکە، خۆی هەڵدەداتە ناو پرسەکانەوە و دەبێتە بڕغوێك بۆ ماشێنە گەورەکە. ئەم زهنییەتە بەتەواوەتی داگیرکراوە، داگیرکردنێك هیچ کات گەڕانەوە بۆ خۆ ڕزگارکردن بە چارەسەر نازانێت، بۆیە ئاسایی دەبێت ڕۆژانە ببینین بەشێکی زۆری کارەکتەرەکانی ناو کۆمەڵگە لەناو پرسەکاندا تا ئاستی یەکتر سڕینەوە و یەکتر وێرانکردن بکەونە وێزەی یەك و شیوەنکردن بۆ ئەویتری دەرەوە، پرسەکان دابەشیانکات بەسەر چەندین گوتار و چەندین ئایدیای جیاوازدا و خۆشیان خاوەنی ئایدیاکان نەبن و بەشدار بوونیان هیچ لە پرسەکە ناگۆڕێت و تەنها زیادە مەسرەفییەکی زمانەوانی و خەساربوونێکی وزەی تاکە کەسییە بۆ شتانێك، لەوانەیە بۆ سوبێکتی گەمارۆ دراوی ناو نەریتەکان، جێگای پرسیار نەبێت بۆ بەم جۆرە خۆی دەبینێتەوە، بەڵام بۆ مرۆڤی پرسیارکەر جێگەی هزراندنییەتی بۆچی ئەم سوبێکتە دەست لەو جیهانە هەڵناگرێت؟ بۆچی نەریتەکان دەبینە دنەدەری؟ بۆچی ناگەڕێتەوە بۆ خۆی و فەزا ڕەمزییەکەی دەوری خۆی ناناسێت، بۆچی ڕەگوڕیشە نەریتەکان بۆنمونە

نەریتی شیوەنکردن کە زیاد لە هەزار ساڵە داکوتاوە و لە بەرگی دیکەدا خۆیان دەخزێنەوە ناو کۆمەڵگە، نابنە شوێنی بیرلێکردنەوەی و دەسکاریکردنیان؟

---

سەرچاوەکان:


_(1)_ نەوشیروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵ چنین، کتێبی یەکەم: چاپی یەکەم، 2012 ل 137-138

_(2)_ هەمان سەرچاوەی پێشوو

_(3) داستانی گەلگامێش. لە سویدییەوە: شاسوار هەرشەمی. دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، چاپی دووەم. 2020 ل167

_(4)_ گفتوگۆی بیڵ مویرز لەگەڵ جۆزیف کەمبڵ، دەسەڵاتی ئەفسانە. سەلاح حەسەن پاڵەوان. دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە ئاراس. ل43

_(5)_ دیاکۆنۆف ئیگەر. مێژووی میدیا. لە ڕوسییەوە د. پێشەوا خالید. دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان. زنجیرەی کتێبی مێژووی. بەشی دووەم. سەرپێخستنی سیستمی کۆیلەگەری لە سەرزەمینی میدیادا.

_(6)_ بگەڕێوە بۆ کتێبی مانیفیستۆی شارستانییەتی دیموکراسی. عەبدوڵا ئۆجەلان. وەرگێرانی لوقمان عەبدوڵا، دوو بەرگ.

_(7)_ وەلید عومەر، کێشەی فۆرم و ناوەڕۆك. چاپی یەکەم 2012 ل9

_(8)_سلاڤۆی ژیژك، ئوبێکتی باڵای ئایدۆلۆژیا. وەرگێرانی: وەلید عومەر. دەزگای چاپی مێخەك، ساڵی 2018 ل59

_(9)_ لەناو دونیای شاشەکاندا زۆرجار گوێمان لەم ڕستەیە دەبێت بۆ پێش و پاشخستنی شوناس.

_* بگەڕێوە بۆ خوێندنەوەی مەم و زینی خانی و، لەیل و مەجنونەکەی خانای قوبادی.

_(10)_ سلاڤۆی ژیژك، ئوبێکتی باڵای ئایدۆلۆژیا. وەرگێرانی: وەلید عومەر. دەزگای چاپی مێخەك، ساڵی 2018 ل 96

_(11)_ بەختیار عەلی، ئایدۆلۆژیست. ناوەندی رۆشنبیری ڕەهەند، چاپی یەکەم 2019 ل18